Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090401

# شیکردنەوەیەکی جوگرافی بۆ گەشەی دانیشتوانی شاری کۆیە لە ماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠)

ئەرسەلان ڕۆستەم حاجی

وەزارەتی پەروەردە / پەروەردەی کۆیە

پیشرەو سەمەد تۆفیق

زانکۆی کۆیە// فاکەڵتی پەروەردە // بەشی جوگرافیا

پوختە

گەشەی دانیشتوان، لە بابەتە گرنگەکانە لە توێژینەوەکانی دانیشتواندا، لە بەر ئەوەی کۆمەڵگە لە گۆڕانکاریی بەردەوام دایە، بەهۆی زۆربون و کەمبونی ژمارەی دانیشتوانەوە. شاری کۆیە، سەنتەری قە زای کۆیەیە، یەکێکە لە قەزاکانی پارێزگای هەولێر . دەکەوێتە باشوری خۆرهەڵاتی ئەو پارێزگایە، ڕوبەری دەگاتە (٢٠٩٥) هێکتار،لە ساڵی ٢٠٢٠دا ژمارەی دانیشتوانەکەی (٩٥١٨٦) کەسە لە هەمان ساڵدا. ئامانج لەم توێژینەوە خستنەڕوی گەشەی دانیشتوانی شاری کۆیەیە لە ماوەی ساڵانی (١٩٥٧-٢٠٢٠) دا.ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان و ئەو هۆکارانەی کاریگەریان هەیە لەسەری .بۆبەدەست هێنانی ،توێژەر،ڕێبازی (وەسفی، مێژویی، شیکردنەوەی) بەکارهێناوە. کێشەی توێژینەوەکە لەوە دایە بونی جیاوازی زۆرە لەگەشەی دانیشتوان بەپێی قۆناغەکانی شار پێدا تێپەڕبوە لەماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠) ئەمە جگە لە پێشەکییەک و دەرئەنجام و پێشنیار. گرینگترین دەرئەنجامەکان: ١-شاری کۆیە لەتێکڕای ماوەی توێژینەوەکە گۆڕانکاریی دیمۆگرافی زۆری بەسەردا ماتووە، بەجۆرێک بەرزترین ڕێژەی گەشەکردن لەماوەی(١٩٧٧-١٩٨٧) بەرێژەی (٩.٤%)لە هەزارابووە، نزمترین ڕێژەش(١٩٨٧-٢٠٠٩) (١.٣)ئەوجیاوازیەش دەگەڕێتەوە بۆگەشەی سروشتی کۆچی گوندنشین بۆ شار سەرەڕایی بونی کەمو کوڕی لە داتاکان تایبەت بەدانیشتوان. ٢-چەندین هۆکاری تری سروشتی و مرۆیی وەک: شوێنی جوگرافی و پێکهاتەی جیۆلۆجی دەرامەتی ئاو، لەگەڵ هۆکاری سیاسی وئابوری وديمۆگرافی و کارگێڕی وخزمەتگوزاری کاریگەریان هەبوە لەسەر گەشەی دانیشتوان .گرنگترین پێشنیارەکان. ١- بایەخدان بە داتاو زانیاریەکانی تایبەت بە دانیشتوان لەلایەنن فەرمانگەی ئاماری کۆیەو بە هەماهەنگی بکات لەگەڵ دامودەزگاکانی تر بۆدەستەبەرکردنی داتای دروست. ٢-دانانی سنورێک بۆ کۆچی گوندنشینان ،ئەویش لەڕێگەی پەرەپێدانی گوندەکان و دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان .

## Article Info

Received: September , 2022
Accepted : November ,2022
Published :December , 2022

## Keywords

گەشەی دانیشتوان، گەشەی سروشتی، شار،گوند، کۆچ.

## Corresponding Author

peshraw.sammad@koyauniversity.org
arsalankoya85@gmail.com

پێشەکی:

توێژینەوە  لە هەر بابەتێکی جوگرافی، گرنگی و بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. جوگرافیای دانیشتوان، وەک لقێکی سەرەکی لە جوگرافیای مرۆیی ،گرنگییەکی زۆرەدات بە دانیشتوان و هەمو ئەو بابەتانەی کە پەیوەندییان بە دانیشتوانەوە هەیە، وەک لەدایکبون، مردن ،کۆچ و جۆرەکانی جوڵەی دانیشتوان بە یەکێک لە بابەتە گرنگەکان دادەنرێت ،چونکە لە توێژینەوەی دانیشتوانی هەر هەرێم و ناوچەیەکدا زیادبونی دانیشتوان پێوەرێکی گرنگە، ئاماژەیە بۆ ئاستی گۆڕانی قەبارەی دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاریکراودا. ئاستی گەشەی دانیشتوان لە شاری کۆیە وەک بابەتێکی جوگرافیای دانیشتوان.کە لەناوەرۆکی توێژینەوەکەمان ڕونکراوەتەوە، لە ماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠) بەگوێرەی فەرەهەمبونی داتاکانی و دانیشتوان و وردی و ڕێکخستنیان، کە تێدا شیکردنەوە بۆ هەمو ئەو تۆمارانەکراوە لەگەڵ ئەوفاکتەرانە  کە پەیوەندییان بە گەشەی دانیشتوانەوە هەیە لە ناوچەی توێژینەوە.

کیشەی لێکۆڵینەوەکە:  .کێشەی لێکۆڵینەوەکە خۆی لەوە دەبینێتەوە کە جیاوازی هەیە لە گەشەی دانیشتوانی ناوچەی لێکۆڵینەوە لە ماوەی نێوان (١٩٥٧-٢٠٢٠)، چونکە ئەو شارە وەک سەرجەم شارەکانی هەرێمی کوردستان بە چەندین ڕەوشی سەخت و نالەباردا تێپەربووە، ئەمەش دواجار کاریگەری لەسەر گەشەی دانیشتوان جێهێشتووە.

گریمانەی لێکۆڵینەوە : ١– گەشەی سروشتی و کۆچ دەبێتە هۆبونی جیاوازی لە گەشەی دانیشتوان لەماوەی١٩٥٧-٢٠٢٠ .

٢- هۆکارە سروشتی و مرۆیەکان لەشاردا کاریگەری دروستکردوە لە سەرگەشەی دانیشتوانی شار.

ئامانج وگرنگی لێکۆڵینەوەکە: ئامانج  لەم توێژینەوەیە خستنەڕوی گەشەی دانیشتوانی شاری کۆیە یە لە ماوەی ساڵانی( ١٩٥٧-٢٠٢٠) ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان و ئەو هۆکارانەی کاریگەریان لەسەری،هەیە.لەگەڵ دانانی چارەسەر بۆ ئەو خێرایی گەشەی دانیشتوانی شارلە گۆشەنیگای جیاوازەوە.

سنوری ناوچەی توێژینەوە دووڕەهەندی هەیە: ڕەهەندی شوێنی : شاری کۆیە دەکەوێتە باکوری خۆرهەڵاتی باشوری کوردستان باشوری ڕۆژهەڵاتی پارێزگای هەولێر . لە ڕوی شوێنی ئە ستڕۆنۆمی شاری کۆیە بە گوێرەی هێڵەکانی درێژی و بازنەکانی پانی دەکەوێتە نێوان هەردووبازنەی پانی (٠َ٠ً٠ ٣٥ْ _٠َ٠ً ١٥َ ٣٦ْ)، باکور وە نێوان هێڵی درێژی (٠َ٠ً ٥٢َ ٤٣ْ _٠َ٠ً ٥َ ٤٥ْ) ژمارەی دانیشتوانی  دەگاتە (٩٥١٨٦  )  کەسە لە ساڵی ٢٠٢٠ ڕوبەری (٢٠٩٥) هێکتارە.لەهەمان ساڵدا ، بەوەش ڕێژەی نزیکەی ٢٢,٣% لە کۆی گشتی ڕوبەری قەزای پێکهێناوە.

ڕەهەندی ماوە: لەڕوی کاتەوە وا پێویست بوو ماوەی توێژینەوەکەمان ماوەی نێوان ساڵانی ( ١٩٥٧ -٢٠٢٠)  بۆیە  ساڵی ١٩٥٧ دیاری کرد بەدروترین گونجاوترین سەرژمێری دادەنرێت کە تائیستا لەعێراق ئەنجام درابێت .

ڕێبازی لێکۆڵینەوە : ڕێبازی وەسفی و مێژویی و ڕێبازی شیکردنەوەمان بە کارهێناوە. ڕێبازی مێژویی بۆ خستنەڕو قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان لە شاری کۆیە لە ماوەی ١٩٥٧_٢٠٢٠ شیکردنەوەش بۆ شیکردنەوەی داتا وخشتەکان .

پلانی توێژینەوەکەمان لە سێ باس پێکهاتووە، بە مەبەستی گەیشتن  بە ئامانجێکی زانستیانەی ورد.  یەکەم :قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان. دووەم: ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان سێیەم : ئەو هۆکارانەی کاریگەریان  لەسەرگەشەی دانیشتوان هەیە. لە کۆتایدا کۆمەڵێک دەرئەنجام و پێشنیارو لستی سەرچاوە و پاشکۆ خراوەتە ڕو .

نەخشەی ژمارە(١) شوێنی جوگرافی شاری کۆیە لەباشوری کوردستان




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە خليل إسماعيل محمد، أقليم كردستان العراق (دراسات في التكوين القومي  للسكان)، مطبعة أوفيست .كريستال،أربيل،١٩٩٩،ص١٢.

باسی یەکەم:  قۆناغەکانی گەشەی دانیشتوان

گەشەی دانیشتوان لە ماوەی ساڵانی ( ١٩٥٧_٢٠٢٠)،  بە چەند بارودۆخێکی خراپدا تێپەر بوەکاری کردوەتە سەرقەبارەی دانیشتوان بۆ ئەم مەبەستە ماوەی توێژینەوەکە بە شەش قۆناغ دەخەینەڕو. لەگەڵ شیکردنەوەی ئەو هۆکارانەی کاریگەری هەبوە لەسەرگەشەی دانیشتوان.

قۆناغی یەکەم( ١٩٥٧-_١٩٦٥)  :  سەبارەت  بە گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری کۆیە، بە راود لەگەڵ و پارێزگای هەولێر، بڕوانە خشتەی ژمارە (١)  دەردەکەوێت کەوا گەشەی دانیشتوانی کۆیە ٢,٥% ساڵانە پارێزگای هەولێر٣,٣% دەبینین جیاوازی گەشە  لە نێوان شار و پارێزگا نزیکن و جیاوازییەکی کەمیان  هەیە هۆکاری ڕامیاری کاریگە ربوو لەو ماوەیەدا، بەهۆی سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلول، تارادەیەک ژمارەکان بە خەمڵاندن دانراون. (محمد، ١٩٩٩، ٤٩) .

قۆناغی دووەم: (١٩٦٥_-١٩٧٧):  لەو قۆناغەدا ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری کۆیە بەرزبوەتەوە بۆ ٣,٢%.بەراورد بەماوەی پێش

خۆی بەرێژەی ٠,٧% بەرزبوەتەوە ئەویش بەهۆی ئەو باردۆخە رامیارییەی کە وایکردوە دانیشتوانی گوندەکان کۆچ بکەن بۆشاری کۆیە لەو ماوەیەدا ڕێژەی گەشەی پارێزگای هەولێر بەرزبۆتەوە بۆ ٣,٤% . گەشەی دانیشتوان بە ڕێژەی ٠,٢%، لە شاری کۆیە بەرزترە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆئەوەی پارێزگای هەولێر بەوەی پایتەختی بە ناو ئۆتۆنۆمی بووە .جگە لە وەش پانتاییەکی فراوانی زەویی کشتوکاڵی هەیە وەک دەشتەکانی دیبەگە و هەریر، ئاو هەوایەکی گونجاوی هەیە، هەموو ئەمانە بونە هۆی ڕاکێشانی دانیشتوان(جەلال،٢٠٠٧:٢٠).

نەخشەی ژمارە(١)

گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری کۆیەو پارێزگای هەولێر (١٩٥٧-٢٠٢٠%)

| ساڵ | شاری کۆیە | پارێزگای هەولێر |
|---|---|---|
| ١٩٥٧-١٩٦٥ | ٢.٥ | ٣.٣ |
| ١٩٦٥-١٩٧٧ | ٣.٢ | ٣.٤ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ٩.٤ | ٣.٥ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٩ | ١.٣ | ٣.٦ |
| ٢٠٠٩-٢٠١٥ | ٥.٦ | ٢.٦ |
| ٢٠١٥-٢٠٢٠ | ٤.٩ | ٢.٣ |
| تێکڕا١٩٥٧-٢٠٢٠ | ٤.٥ | ٣.١ |

سەرچاوە : پشتبەست بە پاشکۆی ژمارە(١)

*بۆدەرهێنانی ڕێژەی گەشە پشتمان بەو هاوکیشەی خوارەوە بەستووە:

$$r = \sqrt[T]{\frac{p1}{p0}} - 1$$

r ڕێژەی گەشەی ساڵانە

T ژمارەی ساڵەکانی نێوان هەردوسەرژمێری.

P1 ژمارەی دانیشتوان لەدوایین سەژمێری

P0 ژمارەی دانیشتوان لەسەرژمێری پێشوودا

بڕوانە: John I Clark: population Geography. Edition pergaman press oxford. ,1972,p146-

شێوەی ژمارە(١)گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری کۆیەو پارێزگای هەولێر ١٩٥٧-٢٠٢٠%




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی ژمارە (١)

قۆناغی سێ یەم: (١٩٧٧_-١٩٨٧) بەرزترین ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانە لە تێکرای ماوەی توێژینەوەکە ڕێژەی شار٩,٤% گەشەکردنی پارێزگای هەولێر ٣.٥% بەرزبۆتەوە بەراود بە ماوەی پیش خۆی ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شاری کۆیە ٦,٢% بە رزبۆتەوە پارێزگای هەولێر بەرێژەی ٠.١%بەرزبوەتەوە شاری کۆیە لەوماوەیە بەرزترین ڕێژەی گەشەی دانیشتوانە لەتێکرای ماوەی توێژینەوەکە بەراورد بەپارێزگای هەولێر ڕێژەی گەشە ٥,٩%زیاترە ئەو ڕێژەی گەشەی شاری کۆیە لە وماوەیەدا دەگەڕێتەوە. بۆ شاڵاوی ئەنفال و تێکدانی گوندەکان ڕاگواستنی دانیشتوانەکەی بەرەو سەنتەری شارەکان وئۆردوگای دارەتوو کاریگەریان هەبوو لەسەر گەشەی قەوارەی دانیشتوانی پارێزگای هەولێر (سەلیم،٢٠٠٦ ، لا٢٠٤- ٢٠٦).

قۆناغی چوارەم: (١٩٨٧_-٢٠٠٩) لەو قۆناغە بەڕوانین لە خشتەی ژمارە (١)شێوەی ژمارە(١)دەبینین ڕێژەی گەشەی ساڵانەی شار بە ڕێژەیەکی زۆر دابەزیوە بۆ ١,٣% ئەمە زۆرترین نزمبوونەوەیە لە تێکرای ماوەی توێژینەوەکە گەشەی پارێزگای هەولێر بە رزبوەتەوە بۆ٣,٦% بەراورد بە ماوەی پیشو ڕێژەی گەشەی شار بەرێژەی ٨,١% دابەزیوە، ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ چەند هۆکارێک بەهۆی ئەو ئارامیە سیاسیەی بەهۆی ڕاپەڕینی ئازاری ١٩٩١ بەسەر هەرێمی کوردستاندا هات ،گەڕانەوەی بەشێک لە گوندنشینەکان بەرەو گوندەکان و زێدی باب و باپیریان، لە لایەکی تریش کۆچی دەرەکی بەهۆی ئەو ئابڵوقە ئابوریە نێودەوڵەتییە عیراقیەی خرایە سەر هەرێم وایکرد ژمارەیەکی زۆر گەنج کۆچ بکەن و بگەڕێن بەدوای کارێکی باشتردا(حسین،٢٠٠٩:٨٦).

قۆناغی پێنجەم: (٢٠٠٩_-٢٠١٥) : سەبارەت بەو قۆناغە، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری کۆیە بۆ ٥,٦% بەرزبۆتەوە. پارێزگای هەولێر گەیشتە ٢,٦% . بەراورد بە ماوەی پێش خۆی بەرێژەی١% دابەزیوە. ڕێژەی گەشەی شار بەراورد بە ماوەی پێش خۆی بە ڕیژەی٤,٣%بەرزبۆتەوە بەراورد بە پارێزگای هەولێربەرێژەی٣% بەرزترە. هۆکاری ئەو بەرزییەی ڕێژەی گەشەی دانیشتوان لە شاربۆبەرزی ڕێژەی لە دایکبون دەگەڕێتەوە لەوماوەیە بڕوانە(پاشکۆی ژمارە ٢). لایەکی تر کۆچی گوندنشینان بۆ شاری کۆیە بەهۆی کەم بونەوەی هەلی کارو خزمەتگوزاریە جۆربەجۆرەکان وشکەساڵی پشگوێخستنی لە لایەن حکومەتەوە.

قۆناغی شەشەم :(٢٠١٥_-٢٠٢٠): سەبارەت بە دواقۆناغ، ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شاری کۆیە گەیشتە ٤,٩%، لە بەرامبەرشدا ڕێژەی گەشەی پارێزگا گەیشتە ٢,٣% بەراورد بەماوەی پێش خۆی بەرێژەی ٠.٣% دابەزیوە لەخشتەی ژمارە (١) شێوەی ژمارە( ١) دەردەکەوێت ڕێژەی گەشەی دانیشتوانی شاری کۆیە بەراورد بە ماوەی پێش خۆی ٠.٧%دابەزیوە بەرێژەی ٢,٦% لە پارێزگای هەولێر بەرزترە ،ئەویش بۆ بارودۆخە خراپە ڕامیاری و ئابوریە تەندروستییە دەگەڕێتەوە کەهۆکاربو بەشێکی دانیشتوان کۆچ بکەن بۆ دەرەوە لەوماوەیە هەروەها کە موکوڕی لە ئاماری دانیشتوان بەهۆی نەبونی سەرژمێریەکی گشتی دروست بۆدانیشتوان.

باسی دووەم: ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان:

أ-زیادبونی سروشتی:

زیاد بونی سروشتی، جیاوازی نێوان لە دایکبون و مردنە دابەشبونی لە دایکبون و مردن بەسەر ژمارەی دانیشتوان بۆ هەرهەزار کەسێک، دەتوانین زیاد بونی سروشتیمان بەدەست بکەوێت . بۆ ڕونکردنەوەی شێوازی گەشەی سروشتی لە شاری کۆیە، پشتمان بە ستووە بەو ئامارانەی لە نەخۆش خانەی گشتی کۆیە لە بەشی لەدایکبون و مردن دەستمان کەوتووە لە ماوەی لەساڵی (٢٠٠٣ -٢٠٢٠)، هەوڵدەدەین هەریەک لە ڕەگەزەکان ڕون بکەینەوە.

١_-لەدایکبون:

بریتین لەووەچانەی دانیشتوان لە ماوەیەکی دیاریکراودا دەیخەنەوە، وێرای ئەوەی لە دایکبون دیاردەیەکی بایۆلۆجیە، بەڵام ناکرێت لەو هەل ومەرجە ئابوریيانەی کۆمەڵگا تێیدا دەژیت دابڕێت. (غفور،١٥٩:٢٠٠٥ ). بۆ زانینی ڕێژەی لە دایکبون پشت دەبەستین بەهاوکیشەی ڕێژەی گەشەی لە دایکبون چونکە زانیاری تەواوت دەداتێ لەسەرلە دایکبونی ساڵێک بە بەراورد لەگەڵ هەر هەزار کەسێک لە سەرجەم دانیشتوان بەم شێوەیە:

ڕێژەی گشتیی لەدایکبون = ژمارەی لەدایکبوی زیندوی ساڵێک÷ ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا×١٠٠٠ (سهاونە،وسمحە،١٢٣:٢٠٠٣).

لەگەڵ هەمو ئەو کەمو کوورپیانەی کە هەیە ، وەک هەستنەکردنی هاووڵاتیان بە لێپرسراویەتی بەرامبەر تۆمارکردنی ئەو منداڵانەی لە تەمەنێکی زۆر بچوک مردون ، ئێستا لە هەرێمی کوردستان بە گشتی و ناوچەی توێژینەوە یاسایەک دانراوە بۆ تۆمارکردنی لە دایکبوان لەماوەی ١٥ ڕۆژ، ئەگەر هاتو لە وماوەیە تێ پەڕیوو، دەبێت سەردانی دادگا بکات. هەروەها بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاریی خەڵک وتۆمارکردنی منداڵەکانیان ، بەڵام هێشتاش ناگات بەوە بڵێن داتاکان کەمو کوورپیان نییە (شوکوریە،٢٠٢١) . بە پشتبەستن بە هاوکێشەی گشتی لەدایکبون و بە سەیرکردنی خشتەی ژمارە(٢) شێوەی ژمارە (٢)، بۆمان دەردەکەوێت لەماوەی(٢٠٠٣-_٢٠٢٠) تیکڕایی ڕێژەی لەدایکبون لە شاری کۆیە لەهەزارا( ٢٩,٢)بووە، بەراورد لەگەڵ قەزای کۆیە دەبینین (٢٥,٤) لە هەزارا بووە، واتە جیاوازییەکەیان (٣,٨) بووە لە هەزارا ڕێژەی لەدایکبون لەشاردا زیاتر بووە لە قەزادا دەگەڕێتەوە بۆبەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری دانیشتوان گرینگیدان بەتۆماری مردوان بۆئەومەبەستە زانینی ڕێژەی لەدایکبون ماوەی لەدایکبون لە توێژینەوەکە دابەش دەکەین بەسەر شەش قۆناغ. بەڵام ئەو ڕێژەیە لە کاتێکەوە بۆ کاتێکی تر بەرزو نزمیی زۆری بە خۆیەوە بینیوە .

بەجۆریک لە ماوەی ساڵی( ٢٠٠٣_٢٠٠٥) لە شاری کۆیە دەگاتە ٣٣,٩، دادەبەزێت ٢١,٣واتە بەڕێژەی ١٢,٦ لەدایکبون دابەزی لە هەزارا بەراورد بە قەزای کۆیە لەو ماوەیە دابەزی٣٧,٦لە لەهەزارا بۆ١٤,٢. واتە بە ڕێژەی٢٣,٦دابەزی بە جیاوازیی ڕێژەی دابەزینە لەشار کەمترە لە قەزا لەو ماوەیە دەگەڕێتەوە بۆبەرزی ئاستی ڕۆشەنبیری شار بەتۆمارکردنی ناوی لەدایکبوان، لەلایەکی تر بەهۆی کەمیی خزمەتگوزاری لە گوندەکان و گرنگینەدان بە تۆماری لە دایکبوان ( جلال،٢٨:٢٠٠٧ ). لەماوەی (٢٠٠٦_-٢٠٠٨) ڕێژەی لە دایکبون لە شاری کۆیە لە٢٣,٧ لە هەزارادابو لەم ماوەیە بەرزبۆوە بۆ ٤٠,٧ لە هەزارا ،بەرزترین رێژەی لە دایکبونە لە تێکڕای توێژینەوەکە. واتە بەڕێژەی١٧لە هەزارا لە دایکبون بەرزبووەتەوە لەو ماوەیە ئەگەر بەراوردی بکەین بە ماوەی پێش خۆی بە ڕێژەی١٩,٤ لە هەزارا ڕێژەی لە دایکبون بەرزترە بەراورد بە قەزای کۆیە لەو ماوەیە١٥,٥لە هەزارا بووبەرز بۆوە بۆ٣٣,٢ لەدایکبو لەهەزارا واتە بەڕێژەی ١٧,٧ لە هەزارا بەرزبوەتەوە بڕوانە شێوەی ژمارە(٢)بەرزیی ڕێژەی لە دایکبون لە شاروقەزا دەگەڕێتەوە بەرزبوونەوەی ئاستی ڕۆشەنبیری بۆ گرنگی بە تۆمارکردن لەشار و بۆ باشبونی بارودوخی ئابوریی کوردستان پێدانی پێشینەی هاوسەرگیری، پێشینەی خانوبەرە وکشتوکاڵی لە گوندەکان(کریم،٩٨:٢٠١٤).

خشتەی ژمارە(٢)

ڕێژەی لە دایکبون لە سەر ئاستی شار و قەزای کۆیە لەماوەی(٢٠٠٣-_٢٠٢٠) لە هەزارا

| ساڵ | شاری کۆیە لە هەزارا | قەزای کۆیە لە هەزارا | ساڵ | شاری کۆیە لە هەزارا | قەزای کۆیە لە هەزارا |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٣٣.٩ | ٣٧.٦ | ٢٠١٣ | ٣٥.٣ | ٣٠.٢ |
| ٢٠٠٤ | ٣٩.٦ | ٣٩.٦ | ٢٠١٤ | ٣٧.١ | ٣١.٦ |
| ٢٠٠٥ | ٢١.٣ | ١٤.٢ | ٢٠١٥ | ٣٥.١ | ٢٩.٥ |
| ٢٠٠٦ | ٢٣.٧ | ١٥.٥ | ٢٠١٦ | ١٦.٥ | ٢٦ |
| ٢٠٠٧ | ٣٨ | ٣١ | ٢٠١٧ | ٢٥.٢ | ٢١.٧ |
| ٢٠٠٨ | ٤٠.٧ | ٣٣.٢ | ٢٠١٨ | ٢١ | ١٨.٣ |
| ٢٠٠٩ | ٣٧ | ٢٩.٤ | ٢٠١٩ | ١٩.١ | ١٥ |
| ٢٠١٠ | ٣٥.٥ | ٢٧.٩ | ٢٠٢٠ | ١٢.٥ | ١٠.٨ |
| ٢٠١١ | ٣٠ | ٢٥.٢ | تێکرا٢٠٠٣-٢٠٢٠ | ٢٩.٢ | ٢٥.٤ |
| ٢٠١٢ | ٢٤.٩ | ٢١.٨ | | | |

سەرچاوە : کاری توێژەر پشتبەست بە پاشکۆی ژمارە(٢)

شێوەی ژمارە(٢)

ڕێژەی لەدایکبون لە سەر ئاستی شار و قەزای کۆیە لە ماوەی(٢٠٠٣-٢٠٢٠) لە هەزارا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بەخشتەی ژمارە (٢)

لە ماوەی( ٢٠٠٩_٢٠١١) ڕێژەی لە دایکبون لە شارد٣٧ا لە هەزارادا بوو. دادەبەزێت بۆ ٣٠ لە هەزارا واتەڕێژەی ٧ لە هەزارا دابەزیوە لە و ماوەیە بە راورد بە ماوەی پێش خۆی ١٠,٧ لە هەزارا قەزای کۆیە ش لە و ماوەیە ٢٩,٤ لە هەزارا دادەبەزێت بۆ٢٥,٢واتە بە ڕێژەی ٤,٢ لە هەزارا دابەزیوە. ئەوەش دەگەڕێتەوە بۆ گەڕانەوەی بە شێک لە دانیشتوانی گوندەکان بۆزێدی باوباپیرانیان کەمبونەوەی دانیشتوانی شار و بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری گوندنشینان و تۆمارکردنی لە دایکبوان.

ماوەی (٢٠١٢_٢٠١٤) ڕێژەی لە دایکبون لە شاری کۆیە ٢٤,٩ لەهەزارادا بو بەرزدەبێتەوە بۆ ٣٧,١ لە هەزار لە دایکبو. واتە بە ڕێژەی١٢,٢ لە هەزارا بەرزبۆتەوە. لە وماوەیە لە قەزای کۆیەش ٢١,٨بەرزدەبێتەوە بۆ ٣١,٦ ئەو ماوە ٩,٨ بەرزدەبێتەوە شار٢,٤ لە قەزا زیاتر بەرزبۆتەوە. ڕێژەی لەدایکبون لە هەزارا بڕوانە شێوەی ژمارە(٢) بەرزبونەوەی ڕێژەی شار لە قەزا لەو ماوەیە دەگەڕێتەوە بۆ باشبوونی بارودۆخی ئابوری و زیادبونی پێشینەی هاوسەرگیری و زیابوونی پرۆسەی هاوسەرگیری. زۆربی ڕێژەی لە دایکبوان و تۆماری لە دایکبوان لەلایەکی تریش کۆچی گوندنشینان بۆشار هەڵبژاردنی ژیانی شارستانی بەهۆی کەمی خزمەتگوزاری لەگوندەکان کاریگەری زۆری هەبولەسەر گەشەی دانیشتوانی شاری کۆیە (سعید،سلیم:٢٠١٦،٢٠).

ماوەی( ٢٠١٥_-٢٠١٧) لە شاری کۆیە ٣٥,١ لە هەزارادا دابەزی بۆ ٢٥,٢ لە هەزارا دابەزی واتە ڕێژەی لە دایکبون بە ڕێژەی ٩,٩ لە هەزارا لەوماوە دابەزی بەراورد بە ماوەی پێش خۆی ١١,٩ لە هەزارا لە قەزای کۆیەش ٢٩,٥ لە هەزارابو دابەزی٢١.٤ لە هەزارا واتە بەڕێژەی٨,١ لە هەزارا ئەو ڕێژەی زۆرەی دابەزینی لە دایکبون لە شارلە چاو قەزا پەیوەندیی بە خراپی بارودۆخی سیاسی وئابورییەوە هەیە، لە لایەکی تریش بایکۆتکردنی نەخۆشخانەکان لە لایەن فەرمانبەران تۆمارنەکردنی بەشێك لە دایکبوان.

لەماوەی( ٢٠١٨_-٢٠٢٠) ڕێژەی لەدایکبون بەشێوەیەکی زۆر دابەزی لە شاری کۆیە .بەجۆرێک لە شاری کۆیە لەو ماوەیە ٢١ لە هەزارا لە دایکبو دابەزی بۆ ١٢,٥ لە هەزارا، واتە بەڕێژەی ١٢,٧ لە هەزارا دابەزی بەراورد بە ماوەی پیش خۆی. بەراورد بەقەزا ١٨,٣ لە هەزارابو دابەزی١٠,٨ لە هەزارا بەڕوانین گەڕانەوە لەخشتەی ژمارە(٢) شێوەی ژمارە(٢) پێشو ئەویش بە هۆی سەرهەڵدانی ڤایرۆسی کۆڕۆنا بۆ پاراستنی تەندروستی دایکی سکپڕ زۆربنەی لە دایکبون لە دەرەوەی نەخۆشخانەکان کەمترگرنگی دراوە بە تۆمارکردنی لە دایکبون، بۆیە داتاکان لەو ماوەیەدا کەمو کوری تێدایە(شکوریە:٢٠٢١).

ئەمە جگە لە بونی چەندین هۆکاری تر کە دەبێتە هۆی جیاوازی ڕێژەکە گرنگترینیان ئەمانەن :

١_ژن هێنان و شوکردنی پێشوەختە :

مەبەست لەو هۆکارە دابەشبونی دانیشتوانە بەپێی تەمەن بۆ ساڵی هاوسەرگیری، کە بەگشتی لەتەمەنی ١٥ ساڵییەوە دەست پێدەکات وەک دەزانرێت ئەو پێکهاتە تەمەنە لە ساڵێکەوە بۆ یەکی تر دەگۆڕێت بەهۆی گۆڕانی بارودۆخی ئابوری و کۆمەڵایەتیی دانیشتوان(حسین،٢٠٠١:١١٢). چونکە تەمەنی نمونەیی شوکردن لە ڕوانگەی کوردەوە لەنێوان ١٤-١٧ ساڵیدایە (خەسباک،١٩٩٩:١٩) . بەڵام دکتۆر عەبدوڵا غەفور پێیوایە ژنهێنان و شوکردن لە هەرێمی کوردستان لە تەمەنێکی زۆر مێرمنداڵیدا دەستپێدەکات ، کوڕان لە هەژدە ساڵی و کچانیش لە شازدە ساڵییەوە هاوسەرگری دەکەن(غفور،٢٠٠٥:١٦٠) . ئەمەش بەهۆکارێکی کاریگەر دادەنرێت بۆ زیابونی ڕێژەی لە دایکبون چونکە تاتەمەنی هاوسەر گیری بچوکتر بێت وەچە خستنەوە زیاتر دەبێت. دیاردەی زوشوکردنی کچان لە شاری کۆیە لەتەمەنێکی١٥-٢٠ دەستپێدەکات، بەجۆرێک ئەوکچانەی دەکەونە ئەوتەمەنەوە ڕێژەی ٢٤,٨% کۆی تەمەنی هاوسەرگیری لە شاری کۆیە پێکدەهێنن، ئەمەش بەرزترین ڕێژەیە لە نێوان هەمو ڕێژەکان بۆ سەرجەم دەستەکانی تەمەنی هاوسەرگیری لەناوچەی توێژینەوە لە ماوەی ساڵی ٢٠٢٠ (وەزارەتی داد،ئەنجوومەنی دادوەری ،٢٠٢١).

٢_ڕێژەی پیتی : پیتی زاراوەیەکە بۆ پرۆسەی سکردن بۆ هەر کۆمەڵگەیەکی دانیشتوان بە کاردەهێنرێت بە ژمارەی لەدایکبونی زیندو دەخرێتە پێش چاو (غفور،٢٠١٢:٤٤). بەرزی ڕێژەی مێینە لە تەمەنی منداڵبوندا هۆکاری سەرەکیی بەرزیی ڕێژەی لە دایکبونە (تالب،١٩٩٩:٦٧) . لە زۆربەی کۆمەڵگاکان زیاتر گەنجان منداڵ دەخەنەوە تایبەت بۆ مێینە کاریگەریی زۆری لەسەر ژمارەی منداڵبون ، لە ماوەی زاوزێدا، هەیە چونکە ماوەیەکی زیاتر مێینە هەلی منداڵبونی بۆ دەرەخسێت. بەڕای زۆر لە توێژەرانی دیمۆگرافیا هاوسەرگیری لە تەمەنی ١٨ ساڵیدا دومێندەی هاوسەرگیری لە تەمەنی ٢٨ ساڵی منداڵی لێ دەکەوێتەوە. بۆ هەژمارکردنی ڕێژەی پیتداری لە لای ژنان لەنیوان١٥_٢٩ ساڵی دایە (محمد ئەوانی تر ،٢٠٠٤:١٤٨). بێگومان ئەوەش ڕۆڵی لە بەرزبونەوەی ڕێژەی پیتداری لە

ناوچەی توێژینەوە هەیە، چونکە لە ماوەی نێوان ساڵانی ٢٠١٣-٢٠٢٠ڕێژەی ئە ومێیینانەی کە تەمەنیان لەخواروی ٢٠ ساڵییەوەیە ڕێژەی (٢٢,١% ) پێکدەهێنن، ئەمەش ڕێژەیەکی بەرزە و کاریگەری زۆری لەسەر ڕێژەی بەپیتی و زاوزێ هەیە لەشاری کۆیە.

٣_هۆکاری ئاینی .ئاینی ئیسلام ،ئاینی زۆرینەی دانیشتوانی شاری کۆیەیە کاریگەری خۆی هەیە بۆ هەرچی زوتر پێکەوەنانی خێزان و منداڵبون هانی ژنهێنان و شوکردن دەدات دژی جیابونەوە و تەڵاقە. خوای گەورە، بەوشێوەیە ئاماژەی بۆدەکات. بە وەش ئاینی ئیسلام ڕێگەی بەپیاوان داوە زیاتر لە ژنێک بهێنن. سەبارەت بە ناوچەی توێژینەو(فَانْكِحُواماطَابَ لَكُمْ مِنَ النِّساءِ مَثْنى وَثُلاثَ وَرُباعَ فَإِن خِفْتُمْ الاَّ تَعْدِلُوا فَواحِدَةً اَوْ مامَلَكَتْ اَيْمَانُكُمْ ذٰلِكَ ادنى الاَّ تَعُولُوا) (القرأن كريم سورة ه بۆمان بە دیاردەکەوێت ئەوانەی هاوسەرگیریان کردووە زیاترە لە وانەی جیابوونەتەوە، بە شێوەیەک تێکڕای ڕێژەی هاوسەرگیری لەماوەی ساڵانی (٢٠١٣-_٢٠٢٠) نزیکەی (٩) لە هەزارا ،بەڵام ڕێژەی جیابوونەوە (١.٣) لە هەزارا بووە .(وەزارەتی داد، ئەنجوومەنی داد وەری،٢٠٢١).

٤_- هۆکاری کۆمەڵایەتی: دابونەریتی کۆمەڵایەتی هاندەرە بۆ ژنهێنان وزۆری منداڵبون بە مەبەستی بەهێزکردنی ڕۆڵی پیاو لە ناو کۆمەڵگا و کەسوکاریدا (محمد،١٩٩٩:٥٢ ). لە ڕوی کۆمەڵایەتییەوە ئەو خێزانانەی خاوەن منداڵ و وەچەیەکی زۆرن ، بەتایبەت لە نێو گوندنشینان، خاوەن پلە وپایەکی کۆمەڵایەتی تایبەتن بە راورد لەگەڵ خێزانەکانی تردا، بە تایبەت ئەگەر بێتو منداڵەکانیان زۆربەیان کوڕبن، زیاتر ڕێزیان لێ دەگیرێت هۆکارێکە بۆ هێزو پاراستنی خێزان ،ئەوەش تایبەت نییە بەلادێنشینەکانەوە ،بەڵکو وەک دابو نەریتی کۆمەڵایەتی گواستراوەتەوە بەرە و شارەکان، ئەمەش دەوەستێتە سەر ئاستی ڕۆشنبیری دانیشتوان و باری ئابوریان.(محمد،١٩٩٧:١٠١).

٢_مردن :

مردن دیاردەیەکی بایەلۆجی کۆمەڵایەتییە. بایەلۆجییە چونکە ژیانی مرۆڤ ماوەیەکی دیاریکراو درێژە دەکێشێت، دواتر دەمرێت. بەواتایەکی ترتێکڕای مردن ڕەنگدانەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری و ئابوری دانیشتوانە وئاستی شارستانیی هەرگەلێک دەردەخات (عطوی،٢٠٠١:١٣٠).

لێکۆڵینەوە لە بارەی ڕێژەی مردن لە عیراق بەگشتی وناوچەی توێژینەوەبەتایبەت پشت بە ڕێژەی گشتی مردوان بەستراوە ،بەو شێوەیەی خوارەوە.

ڕێژەی گشتی مردن= ژمارەی مردوان لەساڵێکدا ÷ ژمارەی دانیشتوان لە نیوەی ئەوساڵەدا×١٠٠٠.(علی،١٩٨٠:٢٦٩).

لەسەیرکردنی خشتەی ژمارە(٣) ،دەردەکەوێت ڕێژەی مردن لە شاری کۆیە و قەزای کۆیە لە ماوەی ساڵانی ( ٢٠٠٣-٢٠٢٠) گۆڕانکاری زۆری بەخۆیەوە بینیوە . بە جۆرێک لەماوەی ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٠٥) ڕێژەی مردولە شاری کۆیە ٢,٤دابەزیوە بۆ ٠,٥ واتە بە ڕێژەی ١,٩ لە هەزارا لەمردو بەراورد بە قەزای کۆیە دەبینین ڕێژەکە لێک نزیک و یەکسانن ،واتە بەڕێژەی (١,٩)لەهەزار مردو دابەزیوە ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ تۆمارکردنی ناوی مردو لەگەڵ کەمو کوڕی داتاکان لە و ماوەیە (محمود،٢٠١٣:٢٧). ماوەی نێوان ( ٢٠٠٦-٢٠٠٨) لە و ماوەیە ڕێژەی مردن ٠,٤ بەرزدەبێتەوە بە ڕێژەی١ مردو لە هەزارا لە شار، بەتایبەت لەساڵی٢٠٠٧ دەگاتە ٣,٥ مردو لە هەزارا ئەوەبەرزترین ڕێژەیە لە تێکڕای ماوەی توێژنەوەکە بڕوانە شێوەی ژمارە(٣) دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبونەوەی ئاستی هۆشیاری دانیشتوان لە شارگرنگی زیاتر بە تۆمارکردنی مردوان (تۆفیق ،٢٠٠٩:٣٩). بەراورد بەقەزای کۆیە لەو ماوەیە٠,٢نزمترین ڕێژەی مردووە لە قەزا ئەویش بەهۆی گرنگینەدان بە تۆماری مردوان.

لە ماوەی ساڵانی(٢٠٠٩-_٢٠١١) لەو ماوەیە لە شاری کۆیە ١. ٩ ڕێژەی مردو لە هەزارا بۆ١,٣ واتە بەڕێژەی ٠,٦نزم بۆتەوە بەراورد بە ماوەی پێش خۆی ٠,٣مردولە هەزارا نزمترە لە هەمان کاتدا لە قەزای کۆیە بەڕێژەی ٠,١ ،ڕێژەی مردو لەو ماوە بەرزبۆتەوە بەراورد بەشار، ئەوەش بۆئەوە دەگەڕێتەوە خزمەتگوزارییەتەندروستییەکان وئاستی دارایی وهۆشیاری تەندروستیان لەلەیەکە کارگێڕیەکان ناحیەو گوندەکان باشترە (غفور،٢٠٠٥:١٦٨).

خشتەی ژمارە(٣)

ڕێژەی مردن لە شار وقەزای کۆیە لە ماوەی(٢٠٠٣-٢٠٢٠) لە هەزارا

| ساڵ | شاری کۆیەلەهەزارا | قەزای کۆیەلەهەزارا | ساڵ | شاری کۆیە لەهەزارا | قەزای کۆیەلەهەزارا |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٢.٤ | ٢.٢ | ٢٠١٣ | ٢.٧ | ٢.١ |
| ٢٠٠٤ | ٣.٥ | ٢.٥ | ٢٠١٤ | ٢.٨ | ٢.٤ |
| ٢٠٠٥ | ٠.٥ | ٠.٣ | ٢٠١٥ | ٣.٢ | ٣ |
| ٢٠٠٦ | ٠.٤ | ٠.٢ | ٢٠١٦ | ١.٥ | ٢.١ |
| ٢٠٠٧ | ٣.١ | ٢.٤ | ٢٠١٧ | ٢ | ١.٧ |
| ٢٠٠٨ | ١.٤ | ١.٢ | ٢٠١٨ | ١.٨ | ١.٦ |
| ٢٠٠٩ | ١.٩ | ١.٢ | ٢٠١٩ | ١.٨ | ١.٧ |
| ٢٠١٠ | ١.٤ | ١.٣ | ٢٠٢٠ | ٢.٥ | ٢.٨ |
| ٢٠١١ | ١.٣ | ١.٣ | تێکرا٢٠٠٣-٢٠٢٠ | ٢ | ١.٧ |
| ٢٠١٢ | ٢.٣ | ٢ | | | |

سەرچاوە : کاری توێژەر پشتبەست بە پاشکۆی ژمارە (٣)

شێوەی ژمارە (٣)

ڕێژەی مردن لە شار و قەزای کۆیە لە ماوەی (٢٠٠٣-٢٠٢٠) لە هەزارا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی ژمارە (٣)

ماوەی (٢٠١٢-_٢٠١٤) لەوماوەیە لەشار ڕێژەی مردن ٢.٣بەرزبوەتەوە٢.٨واتە بەڕێژەی ٠.٥ڕێژەی مردولەهەزارابەرزبوەتەوە بەراورد بەماوەی پیش خۆی ٠.١بەرزبوەتەوە بەراورد بەقەزا لەوماوەیە ٢بەرزبوەتەوەتا٢.٤مردو لەهەزارا واتە بەڕێژەی ٠.٤ بەرزبوەتەوە بەرزی ڕێژەی مردو لەشار لەوچاو قەزا لەوماوەیە پەیوەند ی بە بەرزبونەوە ی ئاستی هۆشیاری دانیشتوانی شارەوە هەیە گرینگی دانانیان بەتۆمارکردنی مردوان لەلایەکی تریش بەزبونەوەی ژمارەی دانیشتوانی شارو کاریگەری هەیە لەسەر بەرزبونەوەی ڕێژەی مردوان لەچاو دانیشتوانی قەزا (حسین،٢٠١٣:٤٠).

سەبارەت بەماوەی (٢٠١٥_-٢٠١٧) لەوماوەیە لە شار لە٣.٢ ڕێژەی مردن دابەزی بۆ٢ واتەبەرێژەی ١.٢دابەزیە لەوماوەیە بەراورد بە قەزای کۆیە لەوماوەیە٣ مردولەهەزارا دابەزیوە ١.٧ ئەگەرسەیربکەین ڕیژەی مردو لەشارو قەزا بەرەو دابەزین چوە ئەویش دەگەریتەوە بۆچەند هۆکاریك لەوانە تێکچونی بارودۆخی سیاسی ئابوری هەریمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە بایکۆتکردنی دەوام و لەوماوەیە گرینگی نەدان بەتۆمارەکانی لەدایکبون و مردن لەلایەن دانیشتوان و کارمەندانی تەندروستی لەلایەکی تریش هەڵەوکەموکوڕی لەداتاکانی مردوان (شێروان:٢٠٢١).

سەبارەت بەماوەی( ٢٠١٨_٢٠٢٠ ) ڕێژەکە لە شاردا ١,٨بەرزبۆوە بۆ٢,٥واتە بەرێژەی ٠,٧مردو لە هەزارا بەرزبۆتەوە بەراورد بەماوەی پیش خۆی٠,٢ بەرزبۆتەوە بەراورد لەگەڵ قەزا بەرێژەی١,٢ لە هەزارا ئەورێژەیە بەرزترە لە شاری کۆیە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ بڵاوبونەوەی فایرۆسی کۆڕۆنا بەشێوەیەکی گشتی لە ناوچەی توێژینەوە ترسی دانیشتوان لەسەردانیکردنی نەخۆشخانەکان کەموکوڕی لەداتایی مردوان زۆربەی لەدایکبونەکان لەوماوەیە لەدەرەوەیی نەخشخانەکان بووە . (شکوریە:٢٠٢١).

کەتێکڕای مردو لە ماوەی ساڵانی (٢٠٠٣-٢٠٢٠) لە شاری کۆیە ( ٢) لە هەزار لەقەزای کۆیە (١,٧) لە هەزارا ئەونزمبونەوەی ڕێژەی مردنە لە شار و قەزا ناگەڕێتەوە بۆ باشی ئاستی تەندروستی و بژێوی دانیشتوان. بەڵکو بۆ نا دروستی ئامارەکان دەگەڕێتەوە لەبەر ئەو هۆکارانەی خوارەوە:

١-زۆربەی ڕوداوەکانی مردن لە دەرەوەی نەخۆشخانە کان رودەدەن کەمتەرخەمیی هاووڵاتیان لە تۆمارکردنی مردوان .

٢-نەبونی لێپرسینەوە لەکاتی تۆمارکردنی مردوان لە هاوڵاتیان لە لایەن حکومەتەوە (الدین،١٩٨٢: ٦-٧).

سەبارەت بەگەشەی سروشتی لەناوچەی توێژینەوە :

لەخشتەی ژمارە (٤) دەردەکەوێت لە ماوەی نێوان (٢٠٠٣_٢٠٢٠) دا ڕێژەی گەشەی سروشتیی هەریەک لە شاری کۆیە و قەزای کۆیە بەرز و نزمیەکی زۆی بەخۆیەوە بینیوە، بەجۆرێک ڕێژەی گەشەی سروشتی لە نێوان( ٣٩,٣-١٠,١ ) لە هەزارا لە شاردا،بەڵام ڕێژەی گەشەی سروشتی لە قەزادا لە نێوان(٣٧,١_٨,٧) لە هەزارا بووە، واتە تێکڕای گەشەی سروشتی لە هەریەک لە شار و قەزادا یەک بە دوای یەک گەیشتووەتە (٢٧,٢_٢٣,٧) لە هەزارا. تێکڕای گەشەی سروشتیی شار بەجیاوازی(٣,٥) لە هەزارا لە قەزا زیاترە ئەمەش بۆ بەرزی ڕێژەی لەدایکبون و کەمیی مردن دەگەڕێتەوە جگە لە هەڵەی داتا ژیارییەکان.

خشتەی ژمارە (٤)

گەشەی سروشتی شار و قەزای کۆیە لە ساڵی(٢٠٠٣-٢٠٢٠) لە هەزارا

| ساڵ | شاری کۆیە | قەزای کۆیە | ساڵ | شاری کۆیە | قەزای کۆیە |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٣ | ٣١.٥ | ٣٥.٤ | ٢٠١٣ | ٣٢.٦ | ٢٨.١ |
| ٢٠٠٤ | ٣٦.١ | ٣٧.١ | ٢٠١٤ | ٣٤.٣ | ٢٩.٢ |
| ٢٠٠٥ | ٢٠.٨ | ١٣.٩ | ٢٠١٥ | ٣١.٩ | ٢٦.٥ |
| ٢٠٠٦ | ٢٣.٣ | ١٥.٣ | ٢٠١٦ | ١٥.١ | ٢٣.٩ |
| ٢٠٠٧ | ٣٤.٥ | ٢٨.٦ | ٢٠١٧ | ٢٣.٢ | ٢٠.١ |
| ٢٠٠٨ | ٣٩.٣ | ٣٢.١ | ٢٠١٨ | ١٩.٢ | ١٦.٧ |

| | | | | | |
|---|---|---|---|---|---|
| ٢٠٠٩ | ٣٥.١ | ٢٨.٢ | ٢٠١٩ | ١٧.٣ | ١٣.٣ |
| ٢٠١٠ | ٣٤.١ | ٢٦.٦ | ٢٠٢٠ | ١٠.١ | ٨.٧ |
| ٢٠١١ | ٢٨.٧ | ٢٣.٩ | تێکراٍ٢٠٠٣-٢٠٢٠ | ٢٧.٢ | ٢٣.٧ |
| ٢٠١٢ | ٢٢.٦ | ١٩.٨ | | | |

سەرچاوە : کاری توێژەرپشتبەست بە هەردو خشتەی ژمارە(٢_٤)

شێوەی ژمارە(٤)

گەشەی سروشتی شارو قەزای کۆیە لە ساڵی(٢٠٠٣-٢٠٢٠) لە هەزارا




سەرچاوە: کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی ژمارە (٤)

ب :کۆچ.

مەبەست لە کۆچ جگە لە زیادەی سروشتی، بەدووەم هۆکاری گەشەکردنی دانیشتوانی سەنتەری شارستانیەتەکان دادەنرێت بریتیە لەگۆڕینی شوێنی نشتەجێبونی بەردەوامی تاك و گروپەکان نشتەجێبونیانە لە ژینگەیەکی نوێ (محمد،١٩٩٧:٢٠). کۆچ لە ڕوی توێژینەوە گرنگییەکی زۆی پێدراوە، کاریگەری گەورەی بەسەرقەبارەی دانیشتوانەوە جێدەهێڵێت چ لەو ناوچە کۆچی لێکراوە چ لەو ناوچە ی کۆچی بۆ دەکرێت.

یەکەم: کۆچی ناوەخۆیی:

بریتییە لە گۆڕینی شوێنی نشتەجێبوونی دانیشتوان لە چوارچێوەی سنوری یەك کۆمەڵگادا. ئەم جۆرە کۆچە بەهۆکارێکی گرنگ و سەرەکی دادەنرێت بۆ زیاد بونی دانیشتوان لە ناوچەیەك وکەم بونەوەی لە ناوچەیەکی تر، لە ناو یەك وڵاتدا (الدین ،١٩٧٠:١١٤). ئەم جۆرە کۆچە لە شاری کۆیە بەچەند شێوەیەك بە دیاردەکەوێت بریتین لە مانەی خوارە

١-کۆچکردنی گوندەکان بۆ شار:

بریتیە لەکۆچکردنی دانیشتوانی گوندنشین بەرەو شارەکان ، هەندێك جار بە ئارەزو، هەندێك جاریش بەناچاری بووە لەبەر بارودۆخی سیاسی، یاخود لەبەر هەژاری بەڵام زۆرینەی کۆچ لە هەرێمی کوردستان بەزۆرەملێ بووە(تۆفیق،٢٠٠٩:٤٥) . سەبارەت بە کۆچی دانیشتوانی گوندەکان بۆ ناوچەی توێژینەوە و سەنتەری شار، هیچ ئامارێکی ڕاست و دروست لەبەردەستدا نیە.بەڵام چەندین بەڵگە هەن ئاماژە بەوە دەکەن کە لە سەرەتای ماوەی لێکۆڵینەوەکەوە کۆچی گوندنشینان ساڵ بەساڵ پەرەی سەندووە . لە سەیرکردنی خشتەی ژمارە (٥) ڕێژەی گە شە لەسەر ئاستی قەزا کە ساڵ بەساڵ لە نزم بونەوەدایە لە بەرامبەریش ڕێژەی گەشە لە شارەکان بەردەوام لە بەرزبونەوە دایە بەجۆرێك لەماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠) ڕێژەی گەشەی شارنشینەکان گەیشتۆتە(٤،٤)گەشە لە گوندنشینەکان گەیشتوتە (-٢،٣) بەجۆرێك لە ماوەی (١٩٥٧_١٩٦٥) دا دەردەکەوێت ڕێژەی گەشەی شارنشین گەیشتۆتە٢،٨% گوندنشینی گەیشتۆتە ٢،٧% لە ماوە ی(١٩٦٥_١٩٧٧) دا ڕێژەی گەشەی شارنشینی بەرزبوەتەوە بۆ ٣،٥% لە ماوەیەدا ڕێژەی گەشەی گوندنشینی دابەزیوە -٠،٧% لەهەمان ماوەدا لەماوەی(١٩٧٧-١٩٨٧) ڕێژەی گەشەی شارنشینی بەرزبۆتەوە بۆ بەرزترین ئاست ٣،٨% بەهۆی شاڵاوەکانی ئەنفال وچۆڵکردنی گوندەکان خراپی ئەو بارودۆخە سیاسییەی لەو کاتەدا لە ئارادابو ڕێژەی گەشەی گوندنشین بۆ نزمترین ئاست دابەزی -٣٢%

خشتەی ژمارە(٥)

ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی سەنتەرەکانی شارنشینی و گوندنشینی لەماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠%)

| ساڵ | سەنتەری شارنشینی% | گوندنشینی% |
|---|---|---|
| ١٩٥٧_-١٩٦٥ | ٢.٨ | ٢.٧ |
| ١٩٦٥_-١٩٧٧ | ٣.٥ | -٠.٧ |
| ١٩٧٧_-١٩٨٧ | ٨.٣ | -٣٢ |
| ١٩٨٧_-٢٠٠٩ | ٢.٨ | ١٢.٩ |
| ٢٠٠٩-_٢٠١٥ | ٤.٨ | ١.٥ |
| ٢٠١٥_-٢٠٢٠ | ٤.٤ | ١.٧ |

| | | |
|---|---|---|
| تێکرای ١٩٥٧_-٢٠٢٠ | ٤.٤ | -٢.٣ |

سەرچاوە : کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی ژمارە(٥ ) ڕێژەکە بەهەمان یاسای خشتەی ژمارە(١) دەرهێنراوە

لەماوەی( ١٩٨٧-٢٠٠٩) ڕێژەی گەشەی شارنشینی دابەزی بەراورد بەماوەی پیشو بۆ٢,٨% لە بەرامبەردا ڕێژەی گەشەی گوندنشینی بەرزبۆوە١٢,٩% لە ئەنجامی ئەو بارودۆخە ئارامەی بەسەر کوردستان داهات گەڕانەوەی بەشێك لە گوندنشینان بۆ زیدی باب و باپیرانیان.

لەماوەی (٢٠٠٩-٢٠١٥ )، ڕێژەی گەشەی شارنشینی ٤,٨% بەرزبۆوە لەماوەی پێشوەویش دەگەڕێتەوە بۆ کەمی خزمەتگوزاری لە گوندەکان ڕویان لە شار کرد ،گەشەی گوندنشینی دابەرزی بۆ١,٥% لەماوەی(٢٠١٥- ٢٠٢٠) ڕێژەی گە شە لە شاردا نزم بۆوە بۆ ٤,٤% بەڕێژەی٠,٤% بە راورد بەماوەی پێش خۆی لە گوند بەرزبۆوە بۆ١,٧% بەڕێژەی٠,٢%.

ئەگەر بڕوانینە خشتەی ژمارە (٦) کە تایبەتە بە ڕادەی شارنشینی و گوندنشینی لە قەزای کۆیە دا دەردەکەوێت ڕادەی گوندشینی لە زۆربەی ساڵانی ماوەی لێکۆڵینەوە بەرز ونزمی بەخۆیەوە بینیوە ، لە بەرامبەردا ڕادەی شارنشینی بە رە و بەرزبونەوە چووە . بە جۆرێک لەساڵی دا ١٩٥٧ڕێژەی شارنشینی لە قەزای کۆیە ٢٤,٧%، لەبەرامبەر گوندنشینی٧٥,٣%، بەڵام لەساڵی ١٩٦٥ ڕێژەی شارنشینی بۆ٢٥.٨%، بەرزبۆتەوە لە بەرامبەردا ڕێژەی گوندنشینی دابەزی٧٤,٢%، ئەم دابەزینەی ڕێژەی گوندنشینە بۆ کۆچی گوندنشینان بۆ سەنتەری شارەکان دەگەڕێتەوە . لە ساڵی ١٩٧٧ ڕێژەی شارنشینی بەرزدەبێتەوە بۆ ٣٥.٥%، لە بەرامبەردا ڕێژەی گوندنشینی زیاتر دادەبەزێت بۆ ٦٤,٥%، ئەمەش هەر بۆ ئەو بارودۆخە سیاسییە نائارامە دەگەڕێتەوە کە لەم کاتە هەبووە .کۆچی گوندەکان زیاتربووە لەبەر ئەوەی گوندەکان پەناگە بون بۆ شۆڕش و پێشمەرگە لەساڵی ١٩٨٧ ڕێژەی شارنشینی بۆ ٩٦.٩%بەرزدەبێتەوە لە بەرامبەریشدا گوندەکان ٣,١%، ئەمەش بۆ ئەو بڕیارە دەگەڕێتەوە کە حکومەتی بەعس دەریکرد، هەمو یەکە کارگێڕی گوندەکانی لەسەر ناحیەی سەنتەرهەژمارکرد بەوە ڕێژەی شارنشینی بەرزبۆوە. لە ساڵی ٢٠٠٩ ڕێژەی شارنشینی دابەزی بۆ ٢٣,٢%، لە بەرامبەردا گوندنشینی بەرزبوە بۆ ٧٦,٨%. ئەمەش بۆ ئەو ئارامییە سیاسییە دەگەڕێتەوە لە و ماوەیەدا .گەڕانەوەی خەڵکی گوندەکان بۆزێدی خۆیان پێدانەوەی پلەی کارگێڕی بە ناحیەی تەق تەق و شۆڕش و دروستبونی یەکەی کارگێڕی تر بە ناوی ئاشتی و سێگرتکان و سکتان . لە ماوەی ٢٠١٥ ڕێژەی گەشەی شارنشینی بەرزبۆوە بۆ٨٠,٢%، لە بەرامبەریشدا گوندنشینی کەمبۆوە ١٩,٨% ئەمەش بۆ کۆچی گوندنشین دەگەڕێتەوە بۆ شارەکان بەهۆی کەمی یان خراپی خزمەتگوزارییەکان لە گوندەکان . بەتایبەت خزمەتگوزاری ڕێگاوبان و ئاو کارەبا و پەروەردە و تەندروستی لە ماوە ی٢٠٢٠ڕێژەی شارنشینی بە رزبۆوە٨٢,٣%، لەبەرامبەریشدا گوندنشینی دابەزی بۆ١٧,٧%، ئەمەش بەهۆی نەبونی هەلی کار لە گوندەکان و کەمی خزمەتگوزارییەکان کۆچیان بەرەو شار کردووە بونە هۆی زیادبونی دیاردەی بەشاریبون.

خشتەی ژمارە (٦)

ڕێژەی شارنشینی و گوند نشینی قەزای کۆیە لە ماوەی (١٩٥٧ _ ٢٠٢٠%)

| ساڵ | (*) شارنشینی% | گوندنشینی% |
|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٢٤.٧ | ٧٥.٣ |
| ١٩٦٥ | ٢٥.٨ | ٧٤.٢ |
| ١٩٧٧ | ٣٥.٥ | ٦٤.٥ |
| ١٩٨٧ | ٩٦.٩ | ٣.١ |
| ٢٠٠٩ | ٢٣.٢ | ٧٦.٨ |
| ٢٠١٥ | ٨٠.٢ | ١٩.٨ |
| ٢٠٢٠ | ٨٢.٣ | ١٧.٧ |

سەرچاوە : پشتبەست بە پاشکۆی ژمارە (١)

(*) ڕادەی شارنشینی: برتییە لە سەرجەم دانیشتوانی شارنشینی÷ سەرجەمی دانیشتوان

لێرەو پێوستە ئاماژە بەوە بکەین لەئەنجامی شیکردنەوەی خشتەکانی (٥-٦) پێشودا دەکرێت بڵێین کۆچ لە گوندەوە بۆ شار، بەتایبەت ئەو کۆچانەی کە لە ماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠ ) ڕویانداوە ،ڕۆڵی گەورە و گرنگیان گێڕاوە لە گەشەسەندنی دانیشتوانی شاری کۆیە.

٢-کۆچ لە شارەکانی ترەوە بۆ شاری کۆیە بە وە پێچەوانەوە:

ئەمەش جۆرێکی ترە لە کۆچی ناوخۆیی ، بەهۆی نەبونی داتا و زانیاری لەسەر هێچ جۆرە کۆچێک بۆزانینی ئەو جۆرە کۆچە پشتمان بەستوە بەپوختەی کۆچ : بریتییە لەجیاوازی ئەوانەی هاتونە ناوچەی دیاریکراو ئەوانەی لەناوچەکە ڕۆیشتون لەماوەی دیاریکراو. بۆ دەرهێنانی پوخەی کۆچ لەشاری کۆیە پشمان بەست بە دەرهێنانی جیاوازی ڕێژەیی گەشەی دانیشتوانی شارەکە لە گەشەی دانیشتوانی قەزای کۆیە بەپێی ئەو هاوکێشەیە :

پوختەی کۆچ = ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوانی شار_ ڕێژەی گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە قەزادا (محمد،٢٠٠٥:١٥).

بەپێی ئەو هاوکێشەیە ڕیژەی پوختەی کۆچ لە شاری کۆیە لە ماوەی(١٩٥٧-٢٠٢٠)گەیشتۆتە زیاتر(٢,٧%) ،بڕوانە خشتەی (٧) .لەماوەی(١٩٥٧-١٩٦٥) ڕێژەکەی گەیشتۆتە ٠,٣-% بەڵام ئەو ڕێژەیە لە ماوەی (١٩٦٥-١٩٧٧) بەرزبۆتەوە بۆ٢,٧ % ، بەمەش دەردەکەوێت شارناوچەی ڕاکیشانی دانیشتوان بووە . لە

ماوەی(١٩٧٧-١٩٨٧)دەبینین ڕێژەکە بەشێوەیەکی بەرچاو بەرزبۆتەوە گەشتۆتە٧,٨%، کە بەرزترین ڕێژەیە لەتێکڕای ماوەی لێکۆڵینەوەکە ئەمە بۆ نائارامی بارودۆخی سیاسی و کۆچی گوندەکان بۆ شارو هەژمارکردنی یەکە کارگێڕیەکان لەسەر ناحیەی سەنتەر دەگەڕێتەوە .

لەماوەی(١٩٨٧-٢٠٠٩) ڕێژەکە بەشێوەیەکی بەرچاو دابەزی٢,٥%، کە کەمترین ڕێژەیە لە تێکڕای ماوەی لێکۆڵینەوەکە ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت شاری کۆیە ناوچەی وەدەرنانی دانیشتوان بووە. ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەو ئارامییە سیاسیەی بەسەر هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە هات گەڕانەوەی گوندنشینان بۆزیدی خۆیان.

**خشتەی(٧)**

**ڕێژەی پوختەی کۆچ لە شاری کۆیە لە ماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠)**

| ساڵ | ڕێژەی گەشەی شار% | ڕێژەی گەشەی قەزا | ڕێژەی پوختەی کۆچ |
|---|---|---|---|
| ١٩٥٧-١٩٦٥ | ٨.٢ | ٢.٨ | ٠.٣- |
| ١٩٦٥-١٩٧٧ | ٣.٢ | ٠.٥ | ٢.٧ |
| ١٩٧٧-١٩٨٧ | ٩.٤ | ١.٦- | ٧.٨ |
| ١٩٨٧-٢٠٠٩ | ١.٣ | ٣.٨ | ٢.٥- |
| ٢٠٠٩-٢٠١٥ | ٥.٦ | ٤.١ | ١.٥ |
| ٢٠١٥_-٢٠٢٠ | ٤.٩ | ٣.٩ | 1 |
| تێکڕا١٩٥٧_-٢٠٢٠ | ٤.٥ | ٢.٢ | ١.٧ |

**سەرچاوە : کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی ژمارە ( ١ )**

**شێوەی ژمارە (٥)**

**ڕێژەی پوختەی کۆچ لە شاری کۆیە لە ماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠)**




**سەرچاوە : کاری توێژەر پشتبەست بە خشتەی ژمارە(٧)**

لەماوەی (٢٠٠٩-٢٠١٥) ڕێژەکە بەرزبۆوە بۆ (١,٥) بە راورد بەماوەی پێش خۆی هۆکاری ئەو بەرزبونەوە بۆ بوژانەوەی ئابوری بازرگانی و ئاوەدانکردنەوەی شارە کە دەگەڕێتەوە لەگەڵ هەوڵەکانی حکومەتی هەرێم بۆ زیاتر خزمەتکردنی شارەکە لە ڕوی خزمەتگوزارییە جۆربەجۆرەکان بونی هەلی کاری زیاتر.(٢٠١٥-٢٠٢٠) ڕێژەکە دابەزی١% ، ئەمەش بۆ خراپبونی بارودۆخی سیاسی و ئابوریی هەرێمی کوردستان و ناوچەی توێژینەوە نەمانی هەلی کارو سەرهەڵدانی نەخۆشیی کۆڕۆنا دەگەڕێتەوە لەو ماوەیە تێکرای گەشەی سروشتی شار بە جیاوازی(٣,٥) لە هەزارا لە قەزا زیاترە ،ئەمەش بۆبەرزیی ڕێژەی لەدایکبون و کەمیی ڕێژەی مردن دەگەڕێتەوە لە ناوچەی توێژینەوە جگە لە نادروستی تۆماری مردوان لە ناوچەی توێژینەوە بەوپێیە تێکرای گەشەی سروشتی لە هەریەک لە شارو قەزا ، ڕێژەیەکی بەرزە ئەمەش ڕۆڵی خۆی هەبوە لە گەشەی دانیشتوانی شارەکە ،لەبەرئەوەی شاری کۆیە بەو ڕێژە بەرزەیەوە دەچێتە ناو چوارچێوەی ئەو ناوچانەی کەڕێژەی گەشەی سروشتیی دانیشتوانیان زیاترە(٣٠) لە هەزارا،(جلال ،٢٠٠٧:٢٧).

دووەم: کۆچی دەرەکی : بریتییە لە شوێنگۆڕکێی تاک لەوڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر ئەو کۆچە سنوری ڕامیاریی وڵاتان دەبەزێنێت ئەو کۆچە لەئەنجامی کۆمەڵێک هۆکاری ئابوری و ڕامیاری و کۆمەڵایەتی ڕودەدات (حسین،٢٠٠٩:٨٦) لەشاری کۆیەش بەهۆی خراپی بارودۆخی سیاسی و ئابوری لەماوەی ساڵانی (٢٠١٩-٢٠٢٠)بەپێ ی ئەو داتایانەی دەستمان کەوتوە لەشاری کۆیە ژمارەی ئەو کەسانەی کۆچیان کردوە بۆدەرەوە لەماوەی ساڵی ٢٠١٩ ژمارەیان ٢٩٨ کەسە ڕێژەی ٣% لەکۆی دانیشتوانی شاری پێکهێناوە ئەوڕێژەیە لەساڵی ٢٠٢٠ بەرزبوەتەوە بۆ ٣٨١کەس ڕێژەی ٤% کۆی دانیشتوانی شاری پێکهیناوە (دەزگای لوتکە،بۆ پرسی کۆچ بەران ،٢٠٢١).

باسی سێ یەم : ئەو هۆکارانەی کاریگەرییان لەسەرگەشەی دانیشتوان هەیە .

بەگشتی چەندین فاکتەرمەن کاریگەریای لەسەرگەشەکردنی دانیشتوانی شارهەیە. هاوشانی ڕەگەزەکانی گەشەی دانیشتوان ، وەک زیاد بونی سروشتی و کۆچ ، چەندین هۆکاری تری لەپشتەوەیە گرنگترینیان ئەمانەن:-

یەکەم: هۆکارە سروشتیەکان : کۆمەڵێك هۆکاری سروشتی کاریگەری هەبوە لەسەرگەشەی دانیشتوان لەشاری کۆیە وەك شوێنی جوگرافی پێکهاتەی جێۆلوجی بەرزو نزمی وئاوهەواو دەرامەتی ئاو ئەو ڕەگەزانە ناکرێت لەیەکریان جیابکەینەوە بە ئاوێتەی کاریگەریان هەیە. تایبەتمەندی شوێنی جوگرافی،شاری کۆیە لە نێوان هەرسێ پارێزگای هەولێروسلێمانی وکەرکوکە، پێگەیەکی جوگرافی گرنگی هەیە. یارمەتیدەربووە بۆ گەشەی دانیشتوان و ئاوەدانیی و چالاکیی بازرگانی (رسول،١٤٨:٢٠١٦). لەڕوی پێکهاتەی جیۆلۆجیەوە پێکهاتەی جێۆلۆجی شارەکە لەچەند پێکهاتەك دروستبووە کاریگەری هەبوە لەسەرجۆری خاکەکەیی توانایی دروستکردنی دامەزراوە جۆربەجۆرەکان هۆکارێکیش بووە بۆ پەرەسەندنی پیشەسازی بینسازی ڕاکیشانی دانیشتوان لەڕوی بەرزو نزمیەوە شاری کۆیە لە دامێنی زنجیرە چیایی هەیبەت سوڵتان لە بەشی ڕۆژهەڵاتی چیای باواجی لە بەشی لەباکور هەڵکەوتوە لەگەڵ دەشتی کۆیە لەباشوری ئەوجیاوازیە لەبەرزو نزمیە وایکردوە جیاوازی لە ئاوهەوا وبەروبومی خۆراکی جیاواز دروست بێت. لەزستان بەرهەمی ناوچە شاخاویەکان و لە هاوین بەروبومە کوشتوکاڵیەکانی دەشتی کۆیە دەستەبەر بێت ئەمەش واکردوە شاری کۆیە ببێتە سەنتەرێك بۆکۆبونەوەی بەروبومە جیاوازەکان جۆرێك لەئاڵوگۆری بازرگانی دروست بێت ئەمەش بوە هۆی گەشەی دانیشتوان لە شار هەرچی دەرامەتی ئاوە شاری کۆیە سەرچاوەی ئاوەکانی زۆرە لەئاوی ژێرزەوی پشت دەبەستێت بەبیر ، بیرێك لەحەمامۆك و دو بیر لەگوندی تۆپزاوا لەگەڵ پرۆژەی ئاوی تەق تەق پرۆژەی ئاوی کڵێسە لەسەرزێ ی بچوك کەوا ڕۆژانە ئاوی شاری کۆیە دابین دەکەن لەوەرزی وشکی کەمکردنەوەی کیشەی کەم ئاوی ئەوەش ڕۆڵی گرینگی گێڕاوە لە گەشەی دانیشتوانی شار.

دووەم: هۆکارە مرۆییەکان :

١_ هۆکاری مێژویی : هۆکاری مێژویی ڕۆڵی گەورە و گرنگی هەیە لە گەشەسەندنی دانشتوانی شاری کۆیە ، بەهۆی ئەو مێژووە درێژەی هەیەتی بەجۆرێک بەپێێ ی ئەو توێژینەوانەیی لەلایەن کۆمەڵێک لەزاناو پسپۆڕان ئەنجام دراون زیاتر (١٢٨)خاڵی ئاسەواریان لەناوچەکە دەستنیشان کردووە گەواهیدەری شارستانیەتی کۆن و ئاوەدانی ئەو ناوچەن (٥٩) ئاسەواریان بۆسەردەمی ئاشورییەکانن (٩١١-٦١٢پ.ز) هەیە و ئەمەش کاریگەریی لەسەرگەشەی دانیشتوانی شار (زێباری،٢٠٠٠:٣٠٠). لەگەڵ چەندن پشماوەیی مێژویی لەکۆشك و تەلار بازار وەك بازاری قەیسەری کۆن و مزگەوتی کۆنە جوعمە و قشلەی کۆیە کە مێژوەکەی دەگەڕیتەوە بۆسەردەمی عوسمانیەکان سەرەتایی سەدەیی شازدەهەمین .

٢_- هۆکاری دیمۆگرافی : سەبارەت بە هۆکاری دیمۆگرافی لە باسی دووەم بەو ئەنجامە گەیشتین کە گەشەی سروشتیی دانیشتوان ، بەهەردو ڕەگەزی لە دایکبون و مردن لەگەڵ کۆچی دانیشتوان ، بەتایبەت کۆچی گوندنشینان بۆ سەنتەری شار، دوهۆکاری سەرەکی گەشەی دانیشتوان بونە لە شار بەتایبەت ئەگەر ئاماژە بە تێکڕای لەدایکبون بکەین لە شاری کۆیە لە ماوەی (٢٠٠٣-٢٠٢٠) ، دەبینین زیاتر (٢٧,٢%) بووە لە هەزاردا ساڵانە ،ئەمە ڕیژەیەکی بەرزە کاریگەیی لەسەرگەشەی دانیشتوان هەبوە لە هەمان کاتدا هەرچی تێکرای مردنە ٢بووە لە هەزارا ساڵانە ، ئەمەش ڕێژەیەکی نزمە بەراورد بە لە دایکبون ئەمەش کاریگەری دروستدەکات بۆ بەرزبونەوەی گەشەی دانیشتوان. سەبارەت بە کۆچ لە ڕێگەی بەراوردکردنی گەشەی شار وگەشەی ساڵانەی قەزا کە لەپوختەی کۆچ ئاماژەمان پێدا ، بۆمان دەرکەوت لەتێکڕای ماوەی(١٩٥٧-٢٠٢٠) بەجۆرێک پوختەی کۆچ لە بەرژەوەندیی شاری کۆیە بووە نزیکە(٢%) بووە واتە شاری کۆیە ناوچەی ڕاکیشانی دانیشتوان بووە.

٣_-هۆکاری خزمەتگوزاری کارگێری: بەجۆرێک یەکە کارگێڕیەکان ڕەنگدانەوەی لەسەر هێزی کێشکردنی دانیشتوان دەبێت ، دانیشتوان ئارەزوی نشتەجێیبون لەو ناوچانە دەکەن کەوا زۆرترین دام ودەزگای حکومیی و کارگێڕی وخزمەتگوزاریان تێدا کۆبۆتەوە(ئەحمەد،٢٠١٢:٢٠٠). سەبارەت بە شاری کۆیە لەساڵی ١٩٥٧ هەر لەو کاتەوە تاساڵانی ١٩٧٠ چەندین فەرمانگەی تێدا دامەزراوە وەک (تەندروستی و پەروەردەو ئاو و کارەبا و ڤێرتەرنەری و بانقی میری و کوشتوکاڵ و پۆستە و گەیاندن و کتێبخانە ) خەڵک لەناوچە جیاجیاکانەوە بەمەبەستی کارکردن ڕویان لەشاری کۆیە کردووە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ ناوی بە شێک لە فەرمانگەکان گۆڕان بۆ بەڕێوەبەرایەتی، فراوانتربون وەک بەڕێوەبەرایەتی پەروەردە و تەندروستی و گواستنەوە و هاتوچۆ و باج و گومرگ و ئاسایش و پۆلیس و شارەوانی وکشتوکاڵ کەوا ژمارەیەکی زۆرتری دانیشتوان لەخۆ گرت. هەمو ئەمانە بەیەکەوە وایکرد گەشەی دانیشتوانی شار زیاتربێت بە درێژای ماوەی توێژینەوە کە لەماوەی (١٩٥٧-٢٠٢٠)تێکڕای گەشەی ساڵانەی دانیشتوان لە و ماوەیە لەشار ٤,٥% لەقەزا ٢,٢%واتە بەڕێژەی ٢% ساڵانە گەشەی کردووە.

٤_-هۆکاری سیاسی : هۆکاری سیاسی بە داینەمۆی گۆڕانکاریە هەلو مەرجە مێژوویەکان دادەنرێت بۆیە ناکرێت لە ئاڵوگۆڕە مێژوویەکان و گواستنەوەی کۆمەڵگا لەقۆناغێکەوە بۆ قۆناغێکی تر تێبگەین بەبێ لێکدانەوەی بارودۆخە سیاسییەکان بەشێوەیەکی بابەتیانە (جەلال،٢٠٠٧: ١٢٣) . سەبارەت بە شاری کۆیە وەک بەشێکی زیندوی هەرێمی کوردستان و هەڵکەوتنی لەناوئەو بارو دۆخە سیاسیەی لە ماوەی( ١٩٦١-١٩٩٠) شاری کۆیە پێداتێپەڕبوبە هۆی هەڵگیرسانی شۆڕشی ئەیلول لەساڵی١٩٦١ حکومەتی بەعس کەوتە وێرانکردنی گوندەکان ڕاگواستنی خەڵکەکەی بۆ شارەکان کە ئەمەش کاریکردە سەرگۆڕینی دیمۆگرافیایی گەشەکردنی دانیشتوان لەشار(کریم ،٢٠١٤:٩٧) . کەچی لەماوەی (١٩٨٠-١٩٨٨ شاڵاوی تێکدان و کاولکردنی گوندەکان و ڕاگواستنی دانیشتوانە کەی دەگاتە ئەو پەڕی ئەو کۆچ کردنە و ڕاگواستنی خەڵکی گوندەکان لە لایەن حکومەتەوە بە بیانوی جۆربەجۆر بو.لە هەشتاکان بە بیانوی بوونی نەوت لە هەندێك بەشی قەزاکە ٨ گوند ڕاگوێزران لە ساڵی ١٩٨٧ بە بیانوی یارمەتی دانی پێشمەرگە ١٠ گوندی تر بە ر شاڵاوی تێکدان کەوتن دواتر لەساڵی ١٩٨٨ گەندەکان کەوتنە بەرشاڵاوی ئە نفال بەهەشت قۆناغ کرا قوناغی ٤ ئەو گوندانەش ژمارەیان (١١٧)گوندبو. کۆی ژمارە خێزانەکانیان٥٤٦٠ خێزان بووە (سەلیم ،٢٠٠٦:٢٠٦ -٢٠٧). لەماوەی ساڵانی (١٩٨٠ -١٩٨٨)کۆی ڕاگوازاراوەکان بۆشاری کۆیە ، دانیشتوانی ٧٢ گوند و ژمارەی دانیشتوانیان ٢٧٩١کەس (shorsh: ،1990_79-84) . ئەمەش کاریگەری زۆری هەبوە لەسەرگەشەکردنی دانیشتوان لە گوندنشین شاری کۆیە ئەنجامە گشتییەکانی

سەرژمیری ١٩٨٧ بەدیاردەکەوێت ڕێژەی گەشەی گوندنشینی٣,١%، ڕێژەی شارنشینی ٩٦,١%، بەهۆی هەژمارکردنی یەکەکارگێڕییەکانی تەقتەق لەگەڵ شۆڕش لەسەرناحیەی سەنتەر.

٥-هۆکاری کۆمەڵایەتی و ئابوری: کاریگەریان کەمترنیە لەهۆکارەکانی تر، لەسەر گەشەکردنی دانیشتوان لە شار بە گشتی و تارادەیەکی زۆر هۆرکی هۆزایەتی (عەشارییەری) بەسەردا زاڵە لەسەر کۆچ خێزانەکان لە گوندەکانەوە بۆ شارەکان لەگەڵ خۆیان ئەو کەلتورە هۆزایەتیە بگوازنەوە بۆ شار لە نزیک یەکتر کۆببنەوە بە وە زیاتر هەست بە ئەمن و ئاسایش دەکەن لەگرنگترین ئەو هۆزانەی کەوا لەشاری کۆیە نیشتەجێبون ( خۆشناو، غەفوری، حەوێزی، شێخانی ) هۆزی غەفوری لە گەڕەکەکانی (قەڵات وبایزاغا) نیشتەجێبون حەوێزی لە گەڕەکی (هەواو و بەفری قەندی ) (سەلیم ،٢٠٠٦: ١٨٨) . هەروەها لەلایەکی تر بونی رێگاو بانەکان تاچرتر بن ئەم چروپربیە کاریگەری زیاتر لەسەر ڕاکێشان و جێگیربونی دانیشتوان هەیە بە تایبەت ئەو شارانەی ڕێگەی نیودەوڵەتی پێدا تێپەڕدەبێت(غلاب،عبدالحلیم،١٩٧٨: ٢٢٤). شاری کۆیە بەهۆی هەڵکەوتەی جوگرافیەکەی ناوچەقی هەرێمی کوردستانە ،دەکەوێتە سەر ڕیگای گشتی هەرسێ پارێزگای (هەولێر و سلێمانی و کەرکوک) پاڵ پشت بەچەندین ڕێگای دەرەکی، توانیویەتی چەندین چالاکیی جۆر بەجۆرو بازرگانی تێدا بکرێت هەرلەبەروبومی کشتوکاڵی هاوینی زستانە،کە گەورەترین کەرتی ئابوریە دەکەوێتە ناوەڕاستی شارەکە کەوا ئیستا نزیکە لە ٢٧٨٧ دوکانی بازرگانی ڕووبەری زیاتر ١٧هێکتار لەرووبەری زەویان داگیرکردوە ئەمەش واکردوە ژمارەی دانیشتوان لەشاربەرزبێتەوە.(رسوڵ،٢٠١٦: ١٨٥-١٨٦). کەوا ڕەنگدانە وە ی هەبوە لەسەرزۆربونی دەستی کرێکار دامەزراندنی چەندین پیشەسازی لەڕابردو ئیستا وەك کارگەی دروستکردنی مافور لەسەرەتایی هەشتاکان و کارگەی دۆشاوی تەماتە لەساڵی ١٩٩٦ کەپشتیان بەدەستی کرێکاری ناوەخۆو بەرهەمی ناوەخۆ دەبەست لەساڵی ٢٠١٢ کارگەی دروستکردنی ئارد دامەزرا پشتی بەگەنمی ناوەخۆ دەبەستێ ڕۆڵی گرینگیان هەبوو لەسەرگەشە کردنی دانیشتوانی شاری کۆیە.

دەرئەنجام:-

دوای شیکردنەوەی بابەتەکانی لێکۆڵینەوە ، بەپێی باسەکان ،لەبەرڕۆشنایی ئەو کێشانە کەوا گرفتی لیکۆڵینەوەیان پێکهێناوە وەڵام دانەوەیەک بۆگریمانەی لێکۆڵینەوە توێژەر گەیشتە ئەو ئەنجامانە .

١_ شاری کۆیە لە تێکرای ماوەی توێژینەوەکە گۆڕانکاری دیمۆگرافیی زۆری بەسەرداهاتووە ،بە جۆرێک بە رزترین ڕێژەی گەشەکردن لە ماوەی( ١٩٧٧_١٩٨٧)بە ڕێژەی٩,٤% نزمترین ڕێژەش (١٩٨٧_٢٠٠٩) ڕێژەکەی ١,٣ ئەو بە رزبوونەوەی ڕێژەیەش لەم ماوەیە بەهۆی گەشەی سروشتی دانیشتوان کۆچ پێکردنی زۆرە ملێ لە گوندەکانەوە بۆشار لەلایەکی تر بونی کەموکوری لەداتاکان تایبەت بەدانیشتوان بەشێکی بەخەمڵاندن دانراون. بەهۆی خراپی باردۆخی سیاسی ناوچەی توێژینەوە.

٢_ گەشەی سروشتی لە شاری کۆیەو قەزای کۆیە بە پشتبەستن بە تۆمارەکانی لە دایکبون ومردن لە ماوەی ساڵی(٢٠٠٣_٢٠٢٠)بە رزونزمیەکی زۆری بەخۆیەوە بینیوە ،بە جۆرێک تێکرای گەشەی سروشتی لە شار و قەزا بە دوای یەکەوە٢٧,٢،-٢٣,٧ لە هەزارا بەرێژەی٣,٥ لە هەزارا شاری کۆیە لە قەزا زیاترە ئەویش دەگەڕێتەوە بۆ زۆری لە دایکبون کەمی مردن.

٣_جگە لە گەشەی سروشتی و کۆچ هۆکارە سروشتیەکان و مرۆیە کان وەك(شوێنی جوگرافی و بەرزو نزمی و پێکهاتەی جیۆلۆجی وئاوهەوا ودەرامەتی هەروەها هۆکارەکانی تری مێژویی و سیاسی و ئابوری وکۆمەڵایەتی وکارگێری و خزمەتگوزاریەکان ڕۆڵیان هەبوە لە گەشەکردن و زۆربونی ژمارەی دانیشتوانی شاری کۆیە .

پێشنیارەکان

لەژێر ڕۆشنایی ئەو دەرئەنجامانەی باسمان کرد ، دەتوانین کۆمەڵێک پێشنیار بخەینەڕو وەک چارەسەرێک بۆ زۆربی گەشەی دایشتوان لە شار کۆیە.

١_ بایەخدان بە داتاو زانیارییەکانی تایبەت بە دانیشتوان لەبەرئەوەی بە بناغەی هەمو پلانێکی زانستیی دروست دادەنرێت بۆ ئێستا و داهاتوو بۆیە فەرمانگەی ئاماری کۆیە پێویستە هەماهەنگی دروست بکات لەگەڵ لایەنی پەیوەندیدار هەموگۆڕانکاریەکانی دانیشتوان تۆماربکات .

٢_دانانی سنورێک بۆ کۆچی گوندنشینان ،ئەویش لە ڕێگەی پەرەپێدانی گوندەکان بە دابینکردنی خزمەتگوزاریە سەرەکییەکان و ماندان و گەڕانەوەی ئەوانەی کۆچیان کردوە لە ڕابردودا، ئەویش بەهاوکاریی دارایی ودروستکردنی یەکەی نیشتجێبون ئەنجامدانی پرۆژەی کشتوکاڵی و ستراتیجی .

٣_گواستنەوەی ئەو دامەزراوە کارگێرییانەی وەک شارەوانی ، ئاسایش ، بەڕێوەبەرایەتییەکانی ئاو، ئەوانەی ڕۆژانە ژمارەیەکی زۆر هاووڵاتی سەردانی دەکەن بۆ دەرەوەی ناوچەی سەنتەر بۆ ناوچەیەک ڕووبەرێکی فراوانکراوی هەبێت بە تۆرێکی ڕێگاوبانی شیا و ببەسترێتەوە ، چونکە ئەوانە لەناو شار ئاستەنگ و قەرەباڵغی دروست دەکەن .

## لستی سەرچاوەکان


- القرآن کریم، سورة الأسراء،الأیة٣١ قرأن کریم،سورة النساء،الایة٣.
- الدین ،احمدنجم،١٩٧٠،احوال سکان فی العراق،معهد بحوث والدراسات العربیة.القاهرة.
- الدین،أحمدنجم،١٩٨٢،جغرافیةسکان العراق،مطبعة جامعة بغداد.بغداد.
- الخفاف والریحانی ،عبد علی حسن،١٩٨٦،عبد مخور،جوغرافیة السکان،مطبعة جامعة البصرة
- الجمهوریة العراقیة وزارة،داخلیة مدیریةالنفوس العامة،المجموعةالاحصائیةللتسجیل عام١٩٥٧لوائموصل واربیل،مصدرسبق ذکرة،جدول رقم(٤).ص.٢١٠.

- الجمهورية العراقية،وزارة التخطيط،الجهازالمركزي الاحصاء،نتائيج التعدادلعام للسكان لسنة١٩٦٥مصدرسبق مطبعةجهازالمركزللاحصاء،بغداد،جدول رقم(١)ص٩-١٠
- الجمهورية العراقية،وزارة التخطيط،الجهازالمركزي الاحصاء،نتائيج التعدادلعام للسكان لسنة١٩٧٧مصدرسبق مطبعةجهازالمركزللاحصاء،بغداد،جدول رقم(٢٢)ص٢٩_-٣٠
- الجمهورية العيراقية،وزارةالتخطيط،الجهازالمركزي الاحصاء،نتائيج التعدادلعام للسكان لسنة١٩٨٧ المصدرالسابق مطبعةجهازالمركزللاحصاء،بغداد،جدولرقم(١ح)و(١ر)ص٣-٤.
- حكومة اقليم كوردستان عيراق،وزراة التخطيط،هيئةالاحصاء الاقليم،نتائج حصروترفهم،محافظةاربيل،٢٠٠٩. شعبةgis ،مصدر سبق، بيانات غير منشورة
-حكومة اقليم كوردستان عيراق،وزراة التخطيط،هيئةالاحصاء الاقليم،نتائج حصروترفهم، محافظة أربيل،٢٠٠٩،ص١_-٣ بينات منشوة. منشوة.
-ئەحمەد،پشتیوان شفیق.٢٠١٢،شی کردنەوەیە کی جوگرافی بۆدابەش بوونی دانیشتوانی شارۆچکەی ڕانیە لەماوە (١٩٥٧-٢٠٠٦)بڵاو کراوەی ئەکادیمیای کوردی ،چابخانەی حاجی هاشم،هەولێر
-حسين،بيان على ٢٠٠١،سكان مدينه السليمانيه (ديراسة الجغرافية) رسالة ماجستير،غير منشورة،كليةا الآداب . جامعه بغداد.
- حسين ،بيان على ٢٠٠٩،تحليل الجغرافي لأتجاهاالنموالحضرىفى المحافظة السليمانية،أطروحةدكتوراغير منشورة،كلية علوم الانساني’،جامع’ سليمانية .
-حسێن ،بیستون ئەحمەد،٢٠١٣،شیکردنەوەی دانیشتوان بۆ گەشەی دانیشتوان لەشاری قەڵادزێ ،نامەی ماستەر ،زانکۆی صلاحدین ،هەولێر .
-حکومەتی هەرێمی کوردستان . وەزارەتی تەندروستی ،بەڕیوەبەرایەتی گشتی تەندروستی کۆیە ،بەشی لەدایك بوون و مردن لەماوەی ٢٠٠٣-٢٠٢٠ داتای بڵاو نەکراوە.-حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی داد ،دادگای باری کەسیەتی لەشاری کۆیە ،بەشی هاوسەرگیری و جیابوونەوە، زانیاری دەربارەی ژمارەو تەمەنی هاوسەرگیری، داتای بڵاو نەکراوە.
-حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلان دانان،فەرمانگەی ئاماری کۆیە سەرژمیری دانیشتوان ١٩٥٧-٢٠٢٠ داتای بلاو نەکراوە.
-چاوپێکەوتن –لەگەڵ بەڕێز ، شکوریە عبداللە جیدی . سەرۆکی بەشی لەدایك بوون مردن لە نەخۆشخانە کۆیە رێکەوتی /١١/١/ ٢٠٢١ دووشەمە.
- تاڵب،جزا تۆفیق،١٩٩٩ ، بایەخی جیۆپۆلەتیکی دانیشتوانی هەرێمی کوردستانی عیراق سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتجی.سلیمانی.
- تۆفیق، پێشرەوصمد،٢٠٠٩،شیکردنەوەی شوێنی دانیشتوانی شاری ڕانیە لێکۆڵینەوەیەك لەجوگرافیای شار،نامەی ماستەر، کۆلێژی زانستە کۆمەڵایەیەکانی زانکۆی کۆیە
- جەلال،هیوا ئەمین .٢٠٠٧،شیکردنەوەی جوگرافی بۆگەشەی شارنشین لەپارێزگای هەولێر،نامەی ماستەر،کۆلێژی ئاداب، زانکوی صلاحدین.
- سهاونه وسمحه،فوزی عبدو موسى عبودة،٢٠٠٣ جغرافيه السكان،داروائل للنشر،الطبعة الاولى،عمان
- زێباری،تاهیر حەسۆ،٢٠٠٠، ئاقارەکانی شارنشینی لە پارێزگای دهۆك ، گۆڤاری سەنتەری برایەتی ، ژمارە ١٦، وەزارەتی پەروردە .هەولێر..
- رسول،ژیارخدر،٢٠١٦، پێکهاتە ی بازرگانی لە شاری کۆیە لێکۆڵینەوەیك لەجوگرافیای شار،نامەی ماستەر،فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە
- خسباك، شاکر،١٩٩٩،ئاراستەی گشتی پەرەسەندنی دانیشتوانی لیوای سلێمانی ،وەرگیران، عەتا،قەرەداغی ، چابخانەی ڕووناکی سلیمانی.
– --- سعيد وسليم،كامران تاهر، هيواصادق، ٢٠١٦ ،التوسيع المساحى لمدينة كۆيه (دراسة فى الجغرافيةالمدن)مجله جامعة رابەرين لسنة ثالثة عدد٩.
- کریم، ڕۆژان کامران ، ٢٠١٤ فراوان بوونی ڕووبەری شاری کۆیە، کاریگەری لە سەر زەویە کشتوکاڵیەکان،نامەی ماستەر،زانکۆی کۆیە..
-غفور عبداللە ،٢٠٠٠، داینامیکی ژمارەی دانیشتوانی هەریمی کوردستانی عیراق ،گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتجی ، ژمارە (١) ساڵی هەشتەم ، سلیمانی
-غلاب وعبدالحكيم،محمد سيد ومحمد صبحى ،.١٩٧٨، السكان ديمغرافيا جغرافيا، مطبعة الأنجول المصريه
- علبى ، عاطف١٩٨٠ الجغرافيا الاقتصادية والسياسيه والسكانيه والجيوبولتيكية، المؤسسة الجامعية للدراسات والنشرالتوزيع. بيروت.
-محمد،خلیل ئیسماعیل ،٢٠٠٥ ، کاریگەری گەشەی شارستانی دانیشتوان لەسەرتایبەت مەندیە دیمۆگرافیەکانی شاری زاخۆ ، گۆڤاری سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتجی(سیاسەتی دەولی) ژمارە٢٠ سلیمانی.
- محمد،خلیل ئیسماعیل،١٩٩٩، دابەش بوونی جوگرافی دانیشتوانی شاری دهۆك. گۆڤاری سەنتەری برایەتی، ژمارە(٢) ساڵی یە کەم ..هەولێر.
- محمد ، خليل ايسماعيل ، ١٩٩٩ ،اقليم كوردستان العيراق ، دراسات فى التكوين القومى للسكان ط٣، مطبعة جامعية ،
- محمد، خليل ئيسماعيل ،١٩٩٧ ، قضاى خانقين ، دراسة فى جوغرافية سكان، ط١، مطبعةالعانى، بغداد .
- محمد، ئافان محمود، ئەوانی تر،٢٠٠٤ ، گەشەکردنی دانیشتوانی شاری سلێمانی ، لە کتیبی سلێماانی، بەرگی یەکەم چاپ و ئۆفیسی شیفان ، بڵاوکراوەکانی شارەوانی سلێمانی.
- هەرێمی کوردستان، دەزگای لوتکە بۆپرسی کۆچ و پەنابەران .٢٠٢١.
-John Clark,1972,population Geography, Edition pergaman press oxford.
-Shorsh M.Resool1990l,Destruction of anation,printer in USA

**پاشکۆی ژمارە(١)**

ژمارەی دانیشتوانی شاری کۆیە و شارنشینی قەزا و گوندنشینی قەزا و قەزای کۆیە و پارێزگای هەولێر

| ساڵ | شاری کۆیە | شارنشینی قەزا | گوندنشی قەزا | قەزای کۆیە | پارێزگای هەولێر |
|---|---|---|---|---|---|
| ١٩٥٧ | ٨٤٨٢ | ٨٩٣٢ | ٢٧٢١٥ | ٣٦١٤٧ | ٢٧٣٣٨٣ |
| ١٩٦٥ | ١٠٣٧٩ | ١١١٩٣ | ٣٤٠٢٨ | ٤٥٢٢١ | ٣٥٦٢٩٣ |
| ١٩٧٧ | ١٥٣١٩ | ١٧١٠٩ | ٣١٠٣٨ | ٤٨١٤٧ | ٥٤١٤٥٦ |
| ١٩٨٧ | ٣٩٤٨٤ | ٣٩٤٨٤ | ١٢٦٣ | ٤٠٧٤٧ | ٧٧٠٤٣٩ |
| ٢٠٠٩ | ٥٣٠٣١ | ٧٣٢٦٤ | ٢٢٠١٧ | ٩٥٢٨١ | ١٧١٤٨٧٥ |
| ٢٠١٥ | ٧٤٣١٧ | ٩٧٩٩٩ | ٢٤٢٢٦ | ١٢٢٢٢٥ | ٢٠٠٩٦٣٧ |
| ٢٠٢٠ | ٩٥١٨٦ | ١٢٢٤٠٩ | ٢٦٤٤٣ | ١٤٨٨٥٢ | ٢٢٥٤٤٢٢ |

سەرچاوە :١-الجمهورية العيراقية وزارة،داخلية مديريةالنفوس العامة،المجموعةالاحصائيةللتسجيل عام١٩٥٧لوائموصل واربيل، مصدرسبق ذكرة،جدول رقم(٤).ص.٢١٠. ٢-الجمهوريةالعيراقية، وزارة التخطيط،الجهازالمركزى الاحصاء،نتائيج التعدادلعام للسكان لسنة١٩٦٥امصدرسبق مطبعةجهازالمركزللاحصاء،بغداد،جدول رقم(١)ص٩-١٠. ٣- الجمهوريةالعيراقية،وزارة التخطيط،الجهازالمركزى الاحصاء،نتائيج التعدادلعام للسكان لسنة١٩٧٧امصدرسبق مطبعةجهازالمركزللاحصاء،بغداد،جدول رقم(٢٢)ص٢٩-٣٠ ٤-الجمهوريةالعيراقية،وزارة التخطيط،الجهازالمركزى الاحصاء،نتائيج التعدادلعام للسكان لسنة١٩٨٧امصدرسبق مطبعةجهازالمركزللاحصاء،بغداد،جدول رقم(١ح)و(١ر)ص٣-٤. ٥-حكومة اقليم كوردستان عيراق،وزارة التخطيط،هيئةالاحصاء الاقليم،نتائج حصروترفيهم،محافظةاربيل،٢٠٠٩..ص١-٣ بينات منشوة.
٦- حكومة اقليم كوردستان عيراق،وزارة التخطيط،هيئةالاحصاء الاقليم،نتائج حصروترفيهم،محافظةاربيل،٢٠٠٩.. ،مصدر سبق، بيانات غير منشورة. شعبة.نظم معلومات الجعرافية.
٧-حکومەتی هەرێمی کوردستان وەزارەتی پلان دانان،بەڕێوەبەرایەتی ئاماری کۆیە ٢|١١|٢٠٢١سێ شەمە.

پاشکۆی ژمارە(٢)

ژمارەی لەدایکبون لەسەر ئاستی شار و قەزای کۆیە لە ماوە ی(٢٠٠٣-٢٠٢٠ )

| ساڵ | شاری کۆیە | | | قەزای کۆیە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان | (*).ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا | (**) ژمارەی لەدایکبووان | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا | (***) ژمارەی لەدایکبووان |
| ٢٠٠٢ | ٤٧٩١٦ (١) | ------- | ------- | ٧٢٣٢٤ | ------- | ------ |
| ٢٠٠٣ | ٤٨٥٣٨(٢) | ٤٨٢٢٧ | ١٦٣٧ | ٧٥١٤٤ | ٧٣٧٣٤ | ٢٧٧٤ |
| ٢٠٠٤ | ٤٩١٦٨ | ٤٨٨٥٣ | ١٩٣٧ | ٧٨٠٧٤ | ٧٦٦٠٩ | ٣٠٤١ |
| ٢٠٠٥ | ٤٩٨٠٧ | ٤٩٤٨٧٥ | ١٠٥٩ | ٨١١١٨ | ٧٩٥٩٦ | ١١٣٣ |
| ٢٠٠٦ | ٥٠٤٥٤ | ٥٠١٣٠ | ١١٨٩ | ٨٤٢٨١ | ٨٢٦٩٩ | ١٢٨٢ |
| ٢٠٠٧ | ٥١١٠٩ | ٥٠٧٨١ | ١٩٣١ | ٨٧٥٦٧ | ٨٥٩٢٤ | ٢٦٧٢ |
| ٢٠٠٨ | ٥١٧٧٣ | ٥١٤٤١ | ٢٠٩٥ | ٩٠٩٨٢ | ٨٩٢٧٤ | ٢٩٧٠ |
| ٢٠٠٩ | ٥٣٠٣١ | ٥٢٤٠٢ | ١٩٤١ | ٩٥٢٨١ | ٩٣١٣١ | ٢٧٤٢ |
| ٢٠١٠ | ٥٣٤٥٠ | .٥٣٢٤٠ | ١٨٩١ | ٩٥٧٩٩ | ٩٥٥٤٠ | ٢٦٦٨ |
| ٢٠١١ | ٥٧٦٢٣ | ٥٥٥٣٦ | ١٦٧١ | ١٠٠٩٥٤ | ٩٨٣٧٦ | ٢٤٨٦ |
| ٢٠١٢ | ٦١٧٩٦ | ٥٩٧٠٩ | ١٤٨٩ | ١٠٦٢٤٠ | ١٠٣٥٩٧ | ٢٢٦٧ |
| ٢٠١٣ | ٦٥٩٧٠ | ٦٣٨٨٣ | ٢٢٥٧ | ١١١٥٦٧ | ١٠٨٩٠٣ | ٣٢٨٩ |
| ٢٠١٤ | ٧٠١٤٤ | ٦٨٠٥٧ | ٢٥٢٥ | ١١٦٨٩٧ | ١١٤٢٣٢ | ٣٦١٣ |
| ٢٠١٥ | ٧٤٣١٧ | ٧٢٢٣٠ | ٢٥٣٦ | ١٢٢٢٢٥ | ١١٩٥٦١ | ٣٥٢٩ |
| ٢٠١٦ | ٧٨٤٩١ | ٧٦٤٠٤ | ١٢٦٥ | ١٢٧٥٥٥ | ١٢٤٨٩٠ | ٣٢٥٦ |
| ٢٠١٧ | ٨٢٦٦٥ | ٨٠٥٧٨ | ٢٠٣٦ | ١٣٢٨٨٢ | ١٣٠٢١٨ | ٢٨٣٢ |
| ٢٠١٨ | ٨٦٨٣٩ | ٨٤٧٥٢ | ١٧٨٧ | ١٣٨٢١٢ | ١٣٥٥٤٧ | ٢٤٨٥ |
| ٢٠١٩ | ٩١٠١٢ | ٨٨٩٢٥ | ١٧٠٧ | ١٤٣٥٢٦ | ١٤٠٨٦٩ | ٢١٢٢ |
| ٢٠٢٠ | ٩٥١٨٦ (٣) | ٩٣٠٩٩ | ١١٧٣ | ١٤٨٨٥٢ | ١٤٦١٨٩ | ١٥٩٣ |

سەرچاوە :

١-بەدابەزاندنی دانیشتوان (اسقاطات سكانیة) دەرهێنراوە بەپشت بەست( بەناوەندی ئەندازیاری)بریتی یەلە(ڕێژەی گەشە×ژمارەی دانیشتوانی هەرساڵێك÷١٠٠) (الرحانی،١٩٨٦:١٥٢)

٢-بەڕێوەبەرایەتی ئاماری هەولێر ،فەرمانگەی ئاماری كۆیە ڕێكەوتی٢|١١|٢٠٢١سێ شەمە

٣-لەساڵی٢٠٠٣-٢٠٢٠ بەدابەزاندنی دانیشتوان دەرهێنراوەبە هەمان ڕێگەی پێشوو.

(*)ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵ دا دەرهێنراوە.بەكۆكردنەوەی دانیشتوانی هەرساڵێك لەگەڵ ساڵێك پێش خۆی پاشان دابەش كردنیان بەسەر دوودا.

(**) هەرێمی كوردستانی عیراق،وەزارەتی تەندروستی ،بەڕێوە بەرایە تیی گشتی تەندروستیی كۆیە.بەشی لەدایك بوون و مردن .داتای بڵاونەكراوە.

(***) هەرێمی كوردستانی عیراق،وەزارەتی تەندروستی ،بەڕێوە بەرایەتی گشتی تەندروستی كۆیە و تەقتەق و مەڵبەندی تەندروستی شۆڕش و سكتان و ئاشتی و سێگرتكان.

پاشكۆی ژمارە(٣)

ژمارەی لە مردوان لەسەر ئاستی شار و قەزای كۆیە لە ماوە ی(٢٠٠٣-٢٠٢٠)

| ساڵ | شاری كۆیە | | | قەزای كۆیە | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | ژمارەی دانیشتوان | .ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا * | ژمارەی مردوان | ژمارەی دانیشتوان | ژمارەی دانیشتوان لەنیوەی ساڵدا | ژمارەی مردوان |
| ٢٠٠٢ | ٤٧٩١٦ | ------- | ------- | ٧٢٣٢٤ | ------- | ------ |
| ٢٠٠٣ | ٤٨٥٣٨ | ٤٨٢٢٧ | ١١٦ | ٧٥١٤٤ | ٧٣٧٣٤ | ١٦٣ |
| ٢٠٠٤ | ٤٩١٦٨ | ٤٨٨٥٣ | ١٧١ | ٧٨٠٧٤ | ٧٦٦٠٩ | ١٩٧ |
| ٢٠٠٥ | ٤٩٨٠٧ | ٤٩٤٨٧٥ | ٢٩ | ٨١١١٨ | ٧٩٥٩٦ | ٣١ |
| ٢٠٠٦ | ٥٠٤٥٤ | ٥٠١٣٠ | ٢٢ | ٨٤٢٨١ | ٨٢٦٩٩ | ٢٢ |
| ٢٠٠٧ | ٥١١٠٩ | ٥٠٧٨١ | ١٧٩ | ٨٧٥٦٧ | ٨٥٩٢٤ | ٢٠٨ |
| ٢٠٠٨ | ٥١٧٧٣ | ٥١٤٤١ | ٧٣ | ٩٠٩٨٢ | ٨٩٢٧٤ | ١١٣ |
| ٢٠٠٩ | ٥٣٠٣١ | ٥٢٤٠٢ | ١٠١ | ٩٥٢٨١ | ٩٣١٣١ | ١١٩ |
| ٢٠١٠ | ٥٣٤٥٠ | .٥٣٢٤٠ | ٧٧ | ٩٥٧٩٩ | ٩٥٥٤٠ | ١٢٧ |
| ٢٠١١ | ٥٧٦٢٣ | ٥٥٥٣٦ | ٧٧ | ١٠٠٩٥٤ | ٩٨٣٧٦ | ١٣٣ |
| ٢٠١٢ | ٦١٧٩٦ | ٥٩٧٠٩ | ١٣٩ | ١٠٦٢٤٠ | ١٠٣٥٩٧ | ٢١٢ |
| ٢٠١٣ | ٦٥٩٧٠ | ٦٣٨٨٣ | ١٧٤ | ١١١٥٦٧ | ١٠٨٩٠٣ | ٢٣٠ |
| ٢٠١٤ | ٧٠١٤٤ | ٦٨٠٥٧ | ١٩٥ | ١١٦٨٩٧ | ١١٤٢٣٢ | ٢٧٩ |
| ٢٠١٥ | ٧٤٣١٧ | ٧٢٢٣٠ | ٢٣٥ | ١٢٢٢٢٥ | ١١٩٥٦١ | ٣٦٤ |
| ٢٠١٦ | ٧٨٤٩١ | ٧٦٤٠٤ | ١٢١ | ١٢٧٥٥٥ | ١٢٤٨٩٠ | ٢٧٠ |
| ٢٠١٧ | ٨٢٦٦٥ | ٨٠٥٧٨ | ١٦٢ | ١٣٢٨٨٢ | ١٣٠٢١٨ | ٢٢٥ |
| ٢٠١٨ | ٨٦٨٣٩ | ٨٤٧٥٢ | ١٥٨ | ١٣٨٢١٢ | ١٣٥٥٤٧ | ٢٢٦ |
| ٢٠١٩ | ٩١٠١٢ | ٨٨٩٢٥ | ١٦٨ | ١٤٣٥٢٦ | ١٤٠٨٦٩ | ٢٤٥ |
| ٢٠٢٠ | ٩٥١٨٦ | ٩٣٠٩٩ | ٢٣٣ | ١٤٨٨٥٢ | ١٤٦١٨٩ | ٣١٩ |

سەرچاوە :-

١-هەرێمی كوردستانی عیراق،وەزارەتی تەندروستی ،بەڕێوە بەرایە تیی گشتی تەندروستیی كۆیە.بەشی لەدایك بوون و مردن .داتای بڵاونەكراوە.

٢-هەرێمی كوردستانی عیراق،وەزارەتی تەندروستی ،بەڕێوە بەرایەتی گشتی تەندروستی كۆیە و تەقتەق و مەڵبەندی تەندروستی شۆڕش و سكتان و ئاشتی و سێگرتكان

Geographical Analysis of the Population Growth of Koya City between (1957-2020)

Abstract:

Population growth is an important topic in population studies because society is constantly changing due to population growth and decline. Koya is the center of Koya district, one of the districts of Erbil province. It is located in the southeast of the province, covers an area of (2095) hectares, in 2020 the population is (95186) people in the same year. The aim of this research is to present the population growth of Koya city during the years (1957-2020). The problem of the study is that there are many differences in population growth according to the stages of the city during (1957-2020), in addition to an

introduction, conclusions and recommendations. The most important results: 1- Koya city has undergone a lot of demographic changes during the study period, so that the highest growth rate during the period (1977-1987) was (9.4%) per thousand, the lowest rate (1987-2009) (1.3) difference This is due to the natural growth of rural-urban migration despite the lack of population data. 2- Several other natural and human factors such as: geographical location and geological structure of water resources, with political, economic, demographic, administrative and service factors have affected the population growth. The most important recommendations. 1- Koya Statistical Office should pay attention to the data and information about the population and coordinate with other institutions to provide accurate data. 2. Limiting the migration of villagers through the development of villages and the provision of services.
Keywords: Population growth, natural growth, urban, rural, migration

**التحليل الجغرافي لنمو سكان مدينة كوية للفترة ( ١٩٥٧ . ٢٠٢٠ )**

**الملخص:**

يعتبر نمو السكان من المواضيع المهمة في الدراسات السكانية ، لإن المجتمع في تغير مستمر ، بسبب الزيادة او النقصان في أعداد السكان . تعتبر مدينة كوية مركز قضاء كويسنجق ، وهي احدى أقضية محافظة أربيل الذي يقع في اجزائها الجنوبية الشرقية . بلغ عدد سكان المدينة في سنة ٢٠٢٠ حوالي (٩٥١٨٦) نسمة ، أما مساحتها فقد بلغت ( ٢٠٩٥ )هكتارا في نفس السنة . ان الهدف من هذه الدراسة هو عرض نمو سكان مدينة كوية للفترة ( ١٩٥٧ . ٢٠٢٠ ) ، مع عناصر النمو السكاني و العوامل المؤثرة عليها . وللوصول الى هدف الدراسة اعتمد الباحث على المنهج الوصفي والتأريخي فضلا عن المنهج التحليلي . تكمن مشكلة البحث في ان هناك اختلاف في معدلات نمو السكان في منطقة الدراسة للفترة ( ١٩٥٧ . ٢٠٢٠ ). فضلا عن المقدمة و الإستنتاجات والتوصيات . ومن اهم الإستنتاجات التي توصل اليها الباحث ١- ان مدينة كوية على مدى فترة البحث فيها قد مرّت بتغيرات ديموغرافية كثيرة بحيث وصل أعلى معدل للنمو فى فترة ( ١٩٧٧ . ١٩٨٧ ) بمعدل ( ٩.٤ % ) بالألف ، واقل معدل للنمو فى فترة ( ١٩٨٧ . ٢٠٠٩ ) حيث بلغ ( ١.٣ ) . ان ارتفاع معدل النمو في هذه الفترة يعود لسبب النمو الطبيعي والهجرة من القرى والأرياف الى مركز المدينة .فضلاعن وجود مشاكل في بيانات سكانية. ٢- هناك عوامل اخرى أثرت على نمو سكان مدينة كوية منها : العوامل الطبيعية والبشرية مثل: موقع الجغرافي، تركيب جيولوجي ،المناخ،وثروات المائية.ومع عوامل السياسية والاقتصادية والديموغرافية والايدارية والخدمات . اما اهم المقترحات هي : ١- الإهتمام بالمعلومات و الأحصاءات السكانية ، فضلا عن تعاون دائرة احصاء كوية مع الجهات المعنية لحصول على تسجيل البيانات الصحيحة والدقيقة. ٢- وضع حد لهجرة سكان القرى والأرياف ، وذلك عن طريق تنمية الارياف وتوفير الخدمات اللازمة والضرورية لهم.
مفتاح الكلمات : نمو السكان ، النمو الطبيعي ، االمدن ، الأرياف ، الهجرة.